دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٥٦٤

شەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٠ ـ ٦ی ئاگوستی ٢٠١١ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ژنان

پەیام بۆ کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

٤

جۆراوجۆر



گەشەی توندئاژۆیی مەسیحی لە ئوروپا

٥

کوردستانی



خۆسەری دیموکراتیک (ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک)

٨

بیروڕای ئازاد



وڵامێک بۆ بەیاننامەی جەماعەتی تەوحید و جیهاد

٩

### لە هەرێمی کوردستان

# ناڕەزایەتی و تووڕەیی لە هەڵوێستی دوژمنانەی کۆماری ئیسلامی پەرە دەستێنێ



نزیک ٢٠ ڕۆژ لە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕادەبرێ. لە ئاکامی ئاگر و ئاسن باراندنی تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان زیانێکی زۆری ماڵییان پێ گەیشتوە و زۆر لەوان تووشی ئاوارەیی و بەجێ هێشتنی گوند و هەوار و مەزرا بوون. دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ناوچە سنوورییەکان، زیانی گیانی بە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان گەیاندوە و چەند کەس بە هۆی تۆپبارانی سوپای پاسداران، گیانیان لەدەست داوە. لە لایەکی دیکەوە پێشگیری لە هاتنی ئاوی ئەلوەن بۆ نێو خاکی هەرێم لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەردەوامە و ئەم کارەی کۆماری ئیسلامی زیانێکی زۆری بە دانیشتووانی خانەقین و گوند و ناوچەکانی دەوروبەری ئەم چەمە و ژینگەی ناوچەکە گەیاندوە. ناڕەزایەتیی دەربڕینی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کۆمەڵانی خەڵک دژی هەڵوێستی دوژمنانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر خەڵکی هەرێم، بەردەوامە و لەم پێوەندییەدا، لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان زنجیرەیەک ڕێپێوان و ناڕەزایەتیدەربڕین بە مەبەستی مەحکوومکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوون. «کوردستان» لەم ژمارەیەدا، کۆمەڵێک ڕاپۆرتی لەم پێوەندییەدا بڵاوکردۆتەوە.

## نۆرەی دیکتاتۆری وڵاتی ئێمەش دێ

**قادر وریا**

ڕۆژی چوارشەممە، ١٢ی گەلاوێژ، دیکتاتۆرێکی دیکەی ناوچە، لە قەفەسێکی ئاسنین دا لەبەر دەم دادگا ڕاگیرا تا سەبارەت بە تاوانەکانی لە ماوەی ٣ دەیە دەسەڵاتداریتیی خۆی دەرحەق بە خەڵکی وڵاتەکەی، وەڵام بداتەوە. دیکتاتۆری ئەم جارە کە نۆرەی هات، حوسنی موبارەک سەرۆکی پێشووی میسر بوو کە زستانی ڕابردوو بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکەوە لە دەسەڵات وەلانرا.

نێوەڕاستی پووشبەڕی ٥ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک سەدام حوسێن، دیکتاتۆری لە دەسەڵات وەلانراوی عێراقیان هەر بەم وەزعەی ئێستای حوسنی موبارەک و کوڕەکانی و وەزیرە ناوخۆکەی لە قەفەسێکی ئاسنین دا، بۆ موحاکەمە هێنایە بەر دەم دادگا، لە نووسینێکم دا بەم بۆنەیەوە، ئەم وتەیەی «ویلسۆن میزنیر» نووسەری ئەمریکاییم وەبیر هێنابۆوە کە: «کاتێک لە حاڵی سەرکەوتن دان لەگەڵ خەڵک میهرەبان بن چونکە لە کاتی کەوتن دا جارێکی دیکە چاوتان پێیان دەکەوێتەوە.»

ئەو چارەنووسەی ئەمڕۆ بە نسیب حوسنی موبارەک و دوێنێ بە نسیب سەدام حوسێن بوو، چارەنووسی زۆربەی دیکتاتۆرەکانە. ئەگەر هێندێک لەوانیش بۆ بەردەم دادگا و حوکمی عەداڵەت پەلکێش نەکرێن، ڕێگایەکی دیکەی جیاواز لە چارەنووسی شای ئێران و زەین ئەلعابدین بێن عەلییان لە بەردەم نییە و سەرەنجام لەوپەڕی زەبوونی و داماوی دا، سەر دەنێنەوە.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە دیکتاتۆرەکان ئەوکاتەی لە دەسەڵاتدان، لە چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی پێش خۆیان دەرسی عیبرەت وەرناگرن. هەمووان پێیان وایە ئەوان لەوانی دیکە جیاوازن و دەسەڵات و تاج و تەختەکەیان، بەرەوڕووی ڕق و نەفرەتی کۆمەڵانی خەڵک نابێتەوە، چونکە ئەوان لە دیکتاتۆرەکانی دیکە باشترن! یا پێیان وایە ئەگەر بەرەوڕووی ناڕەزایەتی و تووڕەیی خەڵکیش ببنەوە، دەسەڵاتی ئەوان لە شکان نەهاتوویە و مانەوەیان، هەمیشەییە! ئەوەتا دیکتاتۆرەکانی یەمەن، لیبی و سووریە لەجیاتی ملدان بۆ ویست و داخوازی خەڵکی وڵاتی خۆیان و بەجێ هێشتنی دەسەڵات، بەوپەڕی دڕندەیی و دڵڕەقییەوە بەرەوڕووی ناڕەزایەتیی خەڵک بوونەوتەوە. بێ ئەوەی بیر لەوە بکەونەوە کە بەم پەلەقاژەیە نەک هەر ناتوانن تاج و تەختی خۆیان بپارێزن بەڵکوو پەروەندەی تاوانەکانیان بۆ ئەو ڕۆژەی تووشی چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی دیکە دەبن، قورستر دەکەن.

سەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش و لە سەرووی هەموانەوە خامنەیی دیکتاتۆر، وا دەنوێنن ئەوان جیاوازن. ئەوەتا حاکمانی ناوچە ـ ئەوانە کە دەستیان لە نێو دەستی ئیسرائیل دایە ـ وریا دەکەنەوە کە قەفەسی ئاسن و تەنافی دار و تووڕەیی و تۆڵەی خەڵک چاوەڕوانیانە. هەروا بزانە بەشار ئەسەد و ڕێژیمی بەعسی سووریەی دۆست و هاوپەیمانیان و خودی خامنەیی و ڕێژیمەکەی چونکە دەستیان لەنێو دەستی ئیسرائیل نەناوە، چارەنووسێکی لە چەشنی ئەو دیکتاتۆرانە، ڕوویان تێناکا! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە دیکتاتۆر، دیکتاتۆرە. چ ئیسلامی بێ چ سۆسیالیستی، چ نەتەوەیی بێ و چ ئەنتێرناسیۆنالیست، دۆستی ئامریکا و ئیسرائیل بێ یا دیکتاتۆرەکانی کوبا و ڤێنێزوئێلا و کۆریای باکوور، ناتوانن هەتاهەتایە لە دەسەڵات دا بمێننەوە و ئەو ڕۆژەی گڕکانی تووڕەیی خەڵک بە روویان دا دەتەقێتەوە و لە دەسەڵات دەهێنرێنە خوار، دەبێ بەرهەمی ئەو هەموو خراپەیە بدەنەوە کە لە ماوەی دەسەڵاتداریتیی خۆیان دا چاندوویانە. گژەبای دێموکراسیخوازی و گۆڕ کردنی دیکتاتۆرەکان لە ناوچە دا هەڵی کردوە و بە هەموو نیشانەکان را دیارە، نۆرەی دیکتاتۆری وڵاتی ئێمەش دێ.

## پەیامی سەرەخۆشیی سکرتێری گشتیی حدک بۆ سەرۆکی هەرێم کوردستان



بەڕێز خالید عزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی حەمایل خان، دایکی بەڕێز مەسعود بارزانی پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشیی ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد دەقی پەیامەکە بەم جۆرەیە:

**زۆر بەڕێز جەنابی کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!**

لەگەڵ سڵاو و ڕێزی زۆرمدا

لە لایەن خۆمەوە و بەناوی ئەندامانی ڕێبەری و سەرجەم ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان، لە قووڵایی دڵەوە، سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەتان دەکەم.

حەمایل خان ئەو ژنە سەربەرز و ڕووسوورە بوو کە لە قۆناغە سەختەکان و هەورازو نشێوەکانی ژیانی شۆڕشگێڕانە و پڕ بەرخۆدانی بارزانیی نەمردا، وەک هاوسەر و پشتیوانی ئەو سەرکردە مێژوویی‌یە، ڕۆڵی خۆی بینیوە و کەسایەتییەکی وەک بەڕێزتانی لە داوێنی خۆی‌دا پەروەردە کردوە. هەر بۆیە هەموو شارەزایان و ئۆگرانی خەبات و قوربانیدانی ئەو بنەماڵە سەربەرزە، بە ماڵاوایی ئەو، هەست بە لەدەستدانی دایکێک و خۆشەویستێک دەکەن

جارێکی دیکە هاوبەشی خەمتانم و سەری ئێوە و سەرجەم ڕۆڵەکان و ئازیزانی سلامەت

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**خالید عەزیزی**
**٢٠١١/٧/٢٨.**

## تورکیە دیسان دەستی بە سەر بارێکی چەک و تەقەمەنیی ئێران داگرت



پۆلیسی تورکیە دەستی بەسەر بارێکی چەکوتەقەمەنی داگرتوە کە لە ئێرانەوە بۆ سورییە نێردرابوو.

پۆلیسی تورکیە جارێکی دیکە دەستی بە سەر کۆمەڵێک چەکوتەقەمەنی دا گرتوە کە لە ئێرانەوە بەرەو سورییە بەڕێ کرابوو و بەپێی بڕیار دەبووا بگەیەنرێتە دەستی حیزبوڵای لوبنان.

ڕۆژنامەی «زۆد دویچە تسایتۆنگ»ی ئاڵمان لە ڕاپۆرتێکدا وێڕای ئاماژە بە دۆزینەوەی ئەم بارە چەکوتەقەمەنییە قاچاخە دەڵێ لە چەند مانگی ڕابردوودا چەندین جاری دیکەش دەست بەسەر چەکی قاچاخی ئێران دا گیراوە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی حاشا لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکا.

تورکیە پێشتریش لە مانگی ڕەشەممە و خاکەلێوەدا کۆمەڵێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنیی ئێرانی لە نێو بارهەڵگر و فڕۆکەیەکی ئێرانیدا دۆزیبۆوە و دەستی بەسەر دا گرتبوو.

شایانی باسە کە تورکیە لە مانگی جۆزەردانداا لە بارەی ناردنی چەکی قاچاخ لە لایەن ئێران را بۆ سوورییە و حیزبوڵ ڵای لوبنان ڕاپۆرتێکی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردبوو.

## تەقینەوەی گەورەترین هێڵی لوولەی گواستنەوەی نەوت لە ئێران



بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی مێهر هێڵی لوولەی گواستنەوەی نەوتی «قەلعە نار» بۆ ئەهواز بە هۆیەکی نادیار تەقیوەتەوە و ئاگری گرتوە و ئیدارەی ئاگر کوژێنەوە و خەڵکی ناوچەکە و شیرکەتی میللی نەوت دوای ١٠ سەعات توانیویانە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە تەقینەوەکە ئەوەندە بەهێز بووە کە گڕی ئاگرەکە تا ٤٠ مەتر بەرز بۆتەوە و بۆتە هۆی ئاگر و تەقینەوە لە مەودای ٣٠٠ میتری دوورتر لە ڕووداوەکەش.

ئەم هێڵە بۆ گواستنەوەی نەوتی ناوچەی لورستان بۆ ئەهواز دامەزراوە و یەکێک لە گەورەترین هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت لە ئێرانە و تا ئێستا هۆکاری تەقینەوە و ئاگر گرتنی ئەو هێڵە و هەروەها ڕێژەی زەرەر و زیانەکان و ئەگەری کوژران و بریندار بوونی کەس یان کەسانێک لەو ڕووداوەدا بڵاو نەکراوەتەوە.

جێی وەبیر هێناوەیە کە حەوتووی ڕابردووش هێڵێکی گواستنەوەی گازی ئێران بۆ تورکیە بە هۆیەکی نادیار تەقییەوە و بووە هۆی وەستانی هەناردە کردنی گاز بۆ ئەو وڵاتە.

شایانی باسە کە سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان دەڵێین کە ئێران بەهۆی گەمارۆ ئابوورییە جیهانییەکانی سەرخۆی، توانای پاراستن و نوێکردنەوەی ناوەندە نەوتییەکانی زۆر لاواز بووە.

## شووڕای ئەمنییەت سەرکوتی خەڵکی سورییەی مەحکووم کرد



شووڕای ئەمنیەت بەیاننامەیەکی لەبارەی سەرکوتی خۆپیشاندەرانی سورییە لەلایەن حکوومەتی بەشار ئەسەدوە پەسند کردوە.

ئەندامانی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای چەند ڕۆژ کۆبوونەوە بۆ باس لە سەر مەحکووم کردنی سەرکوتی خەڵکی مەدەنیی سورییە لەلایەن حکومەتی بەشار ئەسەدوە دواجار لە سەر ئەوە ڕێک کەوتن کە ئەو کردەوانە مەحکووم بکەن و لەمبارەیەوە بەیاننامەیەکیان پەسند کرد.

لە بەیاننامەکەی شووڕای ئەمنییەتدا پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ لە دژی خەڵکی مەدەنی لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی سورییەوە مەحکووم کراوە.

پێویستە بگوترێ کە بەیاننامەکە قورسایی بڕیارنامەی نیە و تێیدا ئاماژە بە پێویستیی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی مافەکانی مرۆڤ نەکراوە و تەنیا سەرکوتی خەڵکی مەدەنی مەحکووم کراوە.

شایانی باسە هەموو وڵاتانی ئەندامی شووڕای ئەمنیەت جگە لە نوێنەری لوبنان دەنگیان بە بەیاننامەی دژی سورییە داوە، بەڵام تا ئیستاش چین و روسییە ریگری ئەوەیان کردوە کە بڕیارنامەیەکی مەحکووم کردن و سزادان دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە شووڕای ئەمنیەتدا پەسند بکرێ.

# سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی هاودەردیی بۆ سەرۆک وەزیری نۆروێژ نارد





بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی دوو رووداوە تێرۆریستییەکەی رۆژی ٢٢ی جولای وڵاتی نۆروێژ پەیامێکی هاوخەمیی بۆ «یەنس ستۆلتێنبەرگ» سەرۆک وەزیرانی نۆروێژ نارد.

لەو پەیامەدا هاتوە کە «ئەم رووداوەی رۆژی هەینی کە وڵاتی نۆروێژی هەژاند بە کردەوەیەکی تێرۆریستی بە ئەژمار دێ کە بە داخەوە لەم ساڵانەی دواییدا ئەم جۆرە رووداوانە زۆر هاتوونەتە پێش. من دڵنیام کە خەڵکی نۆروێژ بە رێبەریی ئێوە و هاوکارانتان بە سەر ئەم تراژێدییەدا سەردەکەون و هەستی یەکگرتوویی، پاراستنی ئاشتی و بنەما دێموکراتییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێوە، هەوڵی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ تێرۆریستان بە شێوەیەکی شارستانی، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەپارێزێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا هەروەها هاتوە: حیزبی ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کردەوە تێرۆریستیانە، سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی سەرجەم خەڵکی نۆروێژ بە تایبەت بنەماڵەی قوربانییەکان دەکا و هەست بە ئێش و ئازارەکانی ئێوە لەم تراژێدییە نەتەوەییەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێ و ساڕێژ بوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ».

# بەشداریی حدک لە رێوڕەسمی هاوخەمی لەگەڵ قوربانیانی رووداوە تێرۆریستییەکەی ئۆسلۆدا

نیزیک بە سەد و پەنجا هەزار کەس لە دەوروبەری تەلاری شارەداریی ئۆسلۆ، پێتەختی نۆروێژ یادی قوربانیانی رووداوە تێرۆریستییەکەی ئەو وڵاتەیان بەرز راگرت.

رۆژی دووشەممە، ٣ی گەلاوێژ پۆلێک لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بۆ دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان و رێکخراوەکانیان لەگەڵ خەڵکی نۆروێژ بەهۆی کارەساتی تەقینەوەی باڵەخانەی دەوڵەت‌و قەتلوعامی لاوانی حیزبی کاری نۆروێژ رێپێوانێکیان بەڕێوەبرد.

ئەو رێپێوانە لە ناوەندی شەمەنەفەرەوە بەرەو «کلیسای دوم›› شوێنی دانانی تاجەگوڵینەکان بەڕێوەچوو. لەبەر دەم کلیساکە کە پڕ بوو لە دەستەگوڵی هاودەردی، چەند پەیام بە زمانی نۆروێژی‌و کوردی لەلایەن شۆڕش ئۆستادی‌و سمایل زارعی، لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات



خوێندرانەوە. پاشان تاجەگوڵینەی لاوان‌و حیزبی دێمۆکرات لە شوێنی خۆی دانرا.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە لە رۆژی هەینی، ٣١ ی پووشپەڕ لە دوو رووداوی جیاواز دا ٩٣ کەس بوونە قوربانیی دوو رووداوی تێرۆریستی لە نۆروێژ کە ویژدانی مرۆڤایەتیی هەژاند.

# بە ژێنۆساید ناسینی فایلی فەیلییەکان لە لایەن پارلمانی عێڕاقەوە

پارلمانی عێراق رۆژی دووشەممە بە بڕیارێک ئەو تاوانانەی بە ژێنۆساید ناساند کە بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان کراون.

بایەزید حەسەن، پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان لە پارلمانی عێراق بە ئاژانسی « ئاکانیوز»ی راگەیاند کە لە دانیشتنی رۆژی پێنجشەممەی پارلمانی عێراقدا، پارلمان بڕیاری دا ئەو تاوانانەی لەلایەن رێژیمی پێشووی عێراقەوە بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان کراون، ژێنۆساید کردنی ئەوان بووە.

ئەو بڕیارەی پارلمانی عێراق دوای ئەوە هات کە لە چەند مانگی رابردوودا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق فایلی سەرکوت کردنی کوردە فەیلییەکانی وەک ژێنۆساید ناساندبوو.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی ٨٠ ی زایینی سەدەی رابردوودا، رێژیمی سەدام حوسێن بە تۆمەتی « ئێرانیبوون»ی کوردە فەیلییەکانی عێڕاق هەڵمەتێکی گرتن و راگواستن و لێسەندنەوەی رەگەزنامەی دژ بە هەزاران بنەماڵەی کوردی فەیلی وەرێ خست. لەو هەڵمەتەدا و



بەپێی ئامارە ناڕەسمییەکان جگە لە دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی ئەو خەڵکە، هەزاران بنەماڵەش ئاودیوی ئێران کران و سەدان لاوی کوردی فەیلیشیان لە سێدارە دا و کۆمەڵکوژیان کردن.

# سەردانی شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

رۆژی دووشەممە ٣ی گەلاوێژی ١٣٩٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٥ ی ژووئیەی ٢٠١١ ی زایینی شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان knk بە سەرۆکایەتیی بەڕێز تاهیر کەمالیزادە، سەرۆکی ئەو رێکخراوە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی رێبەرایەتیی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حدک پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا هەر دوو لایەن لە سەر وەزعی گشتیی



کوردستان و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد و شاندی هەر دوو حیزب ئەو هێرشانەیان بۆ جارێکی دیکە مەحکووم کردوە.

### رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن:

# بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران کارەساتبارە

رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن لە پاریس، بە بڵاو کردنەوەی راگەیەندراوێک بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تایبەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ٨٨ ی بە کارەسات داناوە. بەپێی راپۆرتی رادیۆ فەردا، رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن لەو راگەیەندراوەدا کە بۆ کۆبوونەوەی «نێردراوانی سەوزی هیوا» لە پاریسی ناردوە، سەبارەت بە دەستبەسەرکرانی لە نێوماڵی میرحوسەین مووسەوی و مێهدی کەڕووبی، لە رێبەرانی ناڕەزایەتیەکان و هاوسەرەکانیان، زەهرا رەهنەوەرد و فاتمە کەڕووبی ناڕەزایەتی دەربڕیوە.

رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن وێڕای رەخنە لە دەستبەسەرکرانی



بەربڵاوی ناڕازیان لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی ٨٨ و ئەشکەنجە دانی زۆر کەس لەوان داوای لە دەوڵەتی ئێران کردوە کۆتایی بە سیاسەتی سەرکوت بێنێ، چیدی فشار نەخاتە سەر چالاکانی ژنان، بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤ، ئەندامانی یەکیەتییە کرێکارییەکان و خوێندکاران.

# کوژرانی مێرمنداڵێکی ١٥ ساڵانەی کورد بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی

هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەریوان مێرمنداڵێکی ١٥ ساڵەیان دایە بەر دەسرێژی چەکەکانیان و گیانیان لێ ستاند.



بەیانیی رۆژی یەکشەممە، ٩ ی گەلاوێژ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر سنووری مەریوان تەقەیان لە پۆلێک مێرمنداڵی کاسبکاری کورد کرد و تازەلاوێکی ١٥ ساڵەیان بە ناوی ئارمان مەلایی کوشت.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە هەواڵدەریی «کوردستان و کورد» ئەو تازەلاوە دوای داخرانی قوتابخانەکان بۆ یەکەم جار ویستبووی لە ناوچە سنورییەکانی شاری مەریوان بە کۆڵکێشی یارمەتیی بنەماڵەکەی بدا. بەڵام رۆژی یەکشەممە وێڕای چەند هاورێییەکی هاوتەمەنی بە هۆی ماندوویەتی لە نیوەی رێ خەویان لێ دەکەوێ و بە دەنگی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە خەو رادەپەڕن و را دەکەن.

هێزە چەکدارەکانی رێژیمیش دەسرێژیان لێ دەکەن کە بە داخەوە ئارمان مەلایی تەمەن ١٥ ساڵ بە زەبری سێ گوللە لەدەستبەجێ گیان دەدا و دەمرێ.

هەواڵدەریی «کوردستان و کورد» ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی بە توندی مەحکووم دەکا و خۆی لە ماتەمینی گیان لە دەستدانی ئەو تازەلاوە ١٥ ساڵانەیەدا بە شەریکە خەمی بنەماڵەکەی دەزانی.

# خۆپێشاندانی خەڵکی باشووری کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی

**هەولێر**

پێشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە، ٤ی گەلاوێژ لە ژێر ناوی «ئێران بوەستە» و بە بەشداریی سەدان کەس لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان، خۆپیشاندانێک لە شاری هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەو خۆپیشاندانە لە بەردەم بینای پارێزگای هەولێر دەستی پێ کرد و پاشان خۆپیشاندەران بە دەم وتنەوەی دروشمی دژ بە شەڕ و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر باشووری کوردستان، بەرەو بینای کونسولگەریی ئێران لە شاری هەولێر وەرێ کەوتن. بەشێک لە دروشمەکانی ئەو خۆپیشاندانە بریتی بوون لە: قەندیلمان خۆراگرە، تۆپباران راگرە، هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستان هەر دەمێنێ و مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی.

سەرەڕای ئەوەی کونسولگەریی کۆماری ئیسلامی بە بیانووی سەفەری سەرکۆنسول ئامادە نەبوو چاوی بە نوێنەرانی خۆپیشاندەران بکەوێ، بەڵام نوێنەرانی خۆپیشاندەران توانیان چاویان بە کاربەدەستانی کۆنسولگەری بکەوێ و بەیاننامەیەک دژ بەو هێرشانەی ئێرانیان پێ بگەیەنن کە تێیدا داوا کرابوو؛ ئێران دەسبەجێ دەبێ تۆپبارانەکان رابگرێ و نابێ ئاوی رووباری ئەڵوەن وەک چەک لە کێشە سیاسیەکان دا بە کار بێنێ.

خۆپیشاندەران هەروەها داوایان کردوە کە کۆنسولگەریی ئێران لە ماوەی ٧٢ کاتژمێر دا وڵامی داخوازیەکانیان بداتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا ڤیان سلێمان، سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە لێدوانێک دا بۆ ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر باسی لە کاردانەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگای مەدەنیی باشوری کوردستان دژ بە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی کرد و وتی: لە داهاتوو رەنگە داوا لە خەڵکی کوردستان بکرێ کڕینی کەلوپەلی ئێرانی بایکۆت بکەن و هەروەها لەوانەیە پشتێنێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر سنور دروست بکەین بۆ ئەوەی رێگری لە بازرگانی بکرێ.

شایانی باسە کە لقی سۆرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکرانی کوردستانیش بە بەشداربوونی ٣٥ رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی قەزاکانی سۆران و رەواندز لە شاری سۆرانی باشووری کوردستان خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە بردبوو.

ئەندامێکی بەشدار لەو کۆبوونەوەیە بە هەواڵدەری کوردستان و کورد نیوزی راگەیاند کە ئەوان بە بەشداری لە وەها کۆبوونەوەیەکدا توانیویانە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بگەیەننە کۆمەڵگای جیهانی.

**سلێمانی**

کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی دەربڕین دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ژێرناوی «نا بۆ لەشکەرکێشیی و داگیرکردن» لە پارکی «ئازادی» لە شاری سلێمانی بەرێوە چوو، لەو کۆبوونەوەیەدا بە توندی تۆپبارانەکانی سنووری هەرێمی کوردستان لە لایەن ئێرانەوە مەحکووم کرا و هەروەها بڕیار دراوە کە لە چالاکییەکانیان بەردەوام بن، (زاهید کوردی) ئەندامی ئەو کەمپەینە لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی «بەیانی» رایگەیاند ئامانج لەو کۆبوونەویە دەربڕینی ناڕەزایی نەتەوەیی و مرۆیی بوو لە دژی سیاسەتە شەڕخوازانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها وتنی نایەکی گەورە بەو داگیرکەری و لەشکەرکێشییەی ئێران بووە، ئەو هەروەها ئاماژەشی بەوەدا کە لەرۆژانی داهاتوودا ئەو کەمپەینە یارمەتیی گشتی بۆ ئاوارەبووەکانی بناری قەندیل کۆدەکاتەوەو لەسەردانێکی مەیدانیشدا ئەو ئاوارانە بەسەردەکەنەوە.

جێگەی ئاماژەپێدانە کە ماوەی زیاتر لە (١٠)رۆژە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەبیانووی لێدان لە (پژاک) بە چەکی قورس سنوورەکانی نێوان باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان تۆپباران دەکەن و تا ئێستاش بەسەدان ماڵ ئاوارە بوونەو چەندین کەسیش لەهەردوو لایەن بوونەتە قوربانی.

**کۆیە**

نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رووناکبیران و رۆژنامەنووسان و مامۆستایانی ئایینی و نوێنەری هەڵبژێردراوی کۆیە لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا ناڕەزایەتیی خۆیان دژی تۆپبارانی ناوچە سنورییەکان هەرێمی کوردستان بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە دەربڕی.

کاروان شەفیق، سەرپەرستی ئەو کۆبوونەوەیە بە ئاژانسی پەیامنێری راگەیاند لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە پارکی سەید برایمی شاری کۆیە بەڕێوە چوو، چەند وتار و بەیاننامەی ناڕەزایی دەربڕین خوێندرانەوە کە بە توندی توپبارانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستانیان مەحکووم دەکرد و داوایان لە حکومەت و پارلمانی عێراق و هەرێمی کوردستان کردوە کە هەوڵەکانیان بۆ وەستاندنی تۆپبارانەکان چڕبکەنەوە.

گۆڕان ئازاد، ئەندامی لیژنەی ئەمنیەتی پارلەمانی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا رایگەیاند کە پارلەمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەک لە گەڵ ئەم جۆرە رەفتارانەی کۆماری ئیسلامیدا نیە و و لە هەوڵی ئەوە دایە کەو قەیرانە لە رێگەی وتووێژ و دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکا.

**چۆمان**

خەڵکی شارۆچکەی چۆمان بەرامبەر بە تۆپباران کردنی خاکی کوردستان ناڕەزایەتییان دەربڕی.

رۆژی یەکشەممە، ٩ ی گەلاوێژ ژمارەیەک رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی خۆپێشاندانێکی ناڕەزایی دەربڕینیان لەشارۆچکەی چۆمان بەڕێوە برد.

ئەو خۆپێشاندانە لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەچۆمان و شارەدێیەکانی قەسری، سمیلان، گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران و بە بەشداریی چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵکانی ئەو ناوچانە بەڕێوە چووە.

لەو رێپێوانەدا بە خوێندنەوەی بەیاننامەیەک ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرا و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە کە بەدواداچوونی ئەو رووداوە بکا.

# بەڕێوەچوونی سێهەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ژێر دروشمی « بە هەوڵ و یەکگرتوویی ژنانی کورد هەنگاو بنێین بەرەو یەکسانی» لە ساڵۆنی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرە بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣ ی گەلاوێژ و بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی ئەو ڕیکخراوەیە و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵیک میوان لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەرێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی « نەسرەوتن» لەلایەن کۆرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە دەستی پێ کرد، پاشان عیسمەت نستانی، ئەندامی دێرینی یەکیەتیی ژنان بە وتەیەکی کورت کۆنگرەکەی کردەوە.

خاتوو عیسمەت نستانی لە وتەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کاروانی خەباتی یەکسانیخوازی بە جێ نەماون و هەروا شێلگیرانە لە ریزی پێشەوەی خەباتە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێستا ژنان لە زۆر وڵاتان و بەتایبەت لە وڵاتەکەی خۆمان ئێران بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی و کلتووری دواکەوتوانەی کۆمەڵگاوە دەچەوسێنەوە.

دواتر کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی دەسپێکی کارەکانی سێهەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات وتەیەکی کورتی پێشکیش کرد کە هەر لەم ژمارەیکوردستان»دا لاپەڕی ٤د بڵاو بۆتەوە.

لە بەشیکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا خاتوو سوهەیلا قادری، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان کورتەیەک لە ڕاپۆرتی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بۆ کۆنگرەی سێهەمی پێشکیش کرد. لەو ڕاپۆرتەدا خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ بارودۆخی ژنانی ئێران و کوردستان لە ماوەی دوو کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان و چالاکی و ڕۆڵی ژنان لە ڕووداو وائاڵوگۆرەکانی چەند ساڵی دوایی ئێران و کوردستان کرابوو.

برگەیەکی دیکەی ئەو ریوڕەسمە خوێندنەوەی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو کە لە لایەن خاتوو خەجیج مەعزووریییەوە خوێندرایەوە. خوێندنەوەی پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان و خوێندنەوەی پەیامی کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەو بۆنەیەوە چەند بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمی کردنەوەی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو.

پێویستە بگوترێ کۆنگرە دوای دوو ڕۆژ کاری بەردەوام، شەوی هەینی ١٤ لەسەر ١٥ی گەلاوێژ بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.



# پەیامی ڕۆژنامەی «کوردستان» بۆ سێیەم کۆنگرەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

**هەروەک لە ژمارەی پێشووی «کوردستان» دا رامان گەیاندبوو، لە ڕۆژانی ٢١ تا ٢٣ی جولای دا، سێهەم کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچوو. لەو کۆنگرەیەدا، هاوڕێ مادح ئەحمەدی کە لەگەڵ خاتوو کوێستان فتووحی وەک نوێنەر بەشدار بوون، پەیامی ڕۆژنامەی « کوردستان»ی پێشکەش بە کۆنگرە کرد، ئەمە دەقی پەیامەکەیە:**

**بەڕێز نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کاک «فەرهاد عەونی»!**

**ئامادەبووانی بەڕێز!**

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە!**

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە لایەن ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە (کە یەکێک لە یادگارەکانی سەردەمی کۆمارە و لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەردەچێ) گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم روژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن دەکەین و هیوادارین ئەم کۆنگرەیە ببێتە هەوێنی وەرچەرخانێکی گرنگ لە مێژووی ڕۆژنامەگەری و راگەیاندن لە کوردستان داو لێرەوە بەدوا بچینە ناو قۆناغێکی نوێوە.

بێگومان دەزگاکانی راگەیاندن و بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا خاوەن رۆڵێکی گرنگ و کاریگەرن و هەروەها ڕۆژنامەنووسانیش یەکێک لەو توێژە ئەکتیڤ و کاریگەرانەی کۆمەڵگان. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم خاڵە بۆمان دەردەکەوێ کە لە کوردستانیش ڕۆژنامەنووسان بە هەمان شێوە توێژێکی گرنگ و کاریگەر و هەروەها لە پرۆسەی ئاشتی و سەقامگیر کردنی دێموکراسی، وەک کۆڵەکەیەکی گرنگ رۆڵی تایبەتیان هەیە. لە ئاست کوردستاندا ئەگەر چاو لە بابەتەکە بکەین، بەو پێیەی کە کورد تا ئێستا خاوەن دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ نییە، جیاواز لە کۆمەڵگە و وڵاتانی دیکە، ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن ئەرکی دیکەشیان دەکەوێتە سەرشان. یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی کە لەو پێناوەدا دەکەوێتە سەرشانی دەزگاکانی راگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان دروست کردنی هاوپێوەندی نەتەوەییە لە نێوان پارچە و بەشەکانی کوردستان دا. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەستی هاوپێوەندی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە هێز بکرێ. واتە بە جۆرێک بێ کە بەرژەوەندی کورد لە هەر بەشێکی دا بەرژەوەندی هەموو کورد بێ. کارکردن لە سەر ئەم بابەتە لە کوردستان پێویستی بە تەلەفزیۆن و ئاژانسی هەواڵ و دەزگایەکی راگەیاندن هەیە کە هێژمۆنی و کاریگەریی لایەنێکی تایبەتی بە سەرەوە نەبێ و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستاندا کار بکا. لە هەلومەرجی ئێستادا جێبەجێ کردنی وەها ئەرکێک تەنیا لە باشووری کوردستان کە ئێستا بۆتە مەکۆیەکی ئازاد بۆ هەموو پارچەکان ئیمکانی هەیە. بۆیە دەبێ ڕۆژنامەنووسان و خەمخۆرانی ئەم بابەتە لەگەڵ سەرمایەداران و لایەنە پێوەندیدارەکان ئەم بابەتە بێننە ئاراوە.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ بارودۆخی ڕۆژنامەنووسانی کوردە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بارودۆخی ڕۆژنامەنووسانی کورد زۆر خراپەو لە ئێستادا ئێمە بڵاوکراوەیەکی کوردیی ئازاد لەوێ نابینین و ئەو بڵاوکراوانەی کە پێشتر دەردەچوون هەموویان داخراون، بۆیە ئێستا کوردستان لە ئێراندا وەک ناوچەیەکی بێ ڕۆژنامە ناسراوە. هەروەها زۆر لە ڕۆژنامەنووسان لە زیندان دان و سزای قورسیان بەسەردا سەپاوە، بەجۆرێک کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا کوردستان بە گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران ناسرا بوو. لە ئاست باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە هەمان شێوە بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان خراپەو گوشارێکی زۆر لەسەر ڕۆژنامەنووسان و بڵاوکراوە کوردییەکان هەیە.

لە ئاست باشووری کوردستان ئەگەر چی بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان و پیشەی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ پارچەکانی دیکەو وڵاتانی دەورووبەر بەراوەرد ناکرێ، بەڵام دیسان ئەم بارودۆخەش جێ ڕەخنەیە. چونکە کورد لە باشووری کوردستان گەورەترین هێزی لە راستی دا لە ئازادی و دێموکراسی دایە. دەنا پێگەی کورد هێشتا ئەوەندە سەقامگیر نییە کە وەک وڵاتێکی سەربەخۆ سەیر بکرێ، بەڵکوو هەمیشە لە لایەن وڵاتانی دراوسێیەوە لە بەردەم هەڕەشەدایە. بۆیە هەرێمی کوردستان دەبێ بە فراوانتر کردنی مەودای ئازادییەکان و بە تایبەت ئازادی رادەربڕین خۆی بکاتە نموونە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داو لەم ڕێگاوە گەورەترین هێز و پشتیوانی بۆخۆی کۆبکاتەوەو بەم شێوەیە بەرپەرچی ئەو هەڕەشانە بداتەوە.

خراپیی دۆخی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر بۆ «ناپرۆفیشناڵ» بوونی چالاکانی ئەم پیشەیە لێرە دەگەڕێتەوە. بەداخەوە ڕۆژنامەنووسی کارامەو پرۆفیشناڵ لەم هەرێمە زۆر کەمە، بۆیە لێرەدا ئەرکی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن قورستر دەبێ و دەتوانین لە رێگای بارهێنانی ڕۆژنامەنووس و دامەزرانی دەزگای راگەیاندنی پرۆفیشناڵەوە ئەم کەلێنە پڕ بکەینەوە. هێوادارین کۆنگرە بە وردی تیشک بخاتە سەر ئەم بابەتە پیشەییانەو مکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەر کردنیان بدۆزێتە. هەروەها بۆ ئەوەی کورد لە ئاستی جیهانیدا قسەیەکی لەم بوارەدا بۆ وتن هەبێ، هیوادارین لە هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەگەریی پیشەیی و ئازاد زیاتر پەرەبستێنێ و راگەیاندن وەک کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا ببێتە فاکتۆرێکی گرنگ بۆ ئەوەی کاریگەریی زیاتری هەبێ.

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە لە لایەن ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکە دەخوازین.

هەر شاد و سەرکەوتووبن

**دەستەی بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی کوردستان**
**٢/٧/٢٠١١**
**٣٠/٤/١٣٩٠**

# مەرگی زیندانییەکی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ورمێ

### زیندانییەکی سیاسیی کورد لە گرتوخانەی ورمێ گیانی لە دەست دا.



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٣ی گەلاوێژ ناسر خانی زادە لە بێهداریی زیندانی ورمێ گیانی لە دەست دا.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی موکریان ناسر خانی زادە کە خەڵکی بۆکانە، بەم دواییانە ڤە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی بۆ گرتووخانەی ورمێ گوێزرابۆوە.

بە پێی زانیاریی سەرچاوەی هەواڵ ناسر خانی زادە بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردستانیی نەیاری کۆماری ئیسلامی و بە بڕیاری دادگای شۆڕش بە ساڵێک و شەش مانگ زیندان مەحکووم کرابوو.

— — — — — —

# کوژرانی کۆڵبەرێکی کورد بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی

سەر لەئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١١ ی گەلاوێژ هێزەکانی سپای پاسداران کۆڵبەرێکیان کوشت و تەرمەکەشیان فڕێ داوەتە خاکی هەرێمی کوردستانەوە.

بەپێی هەواڵیکی ماڵپەڕی خەندان ئەو کۆڵبەرە سەرقاڵی کاری ڕۆژانەی خۆی بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە هێزەکانی پڕاکەوە نەبووە، بەڵام گوایە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بیانووی پێوەندی هەبوونی ئەو کەسە بە پژاکیان بە هۆکاری کوشتنەکەی هێناوەتەوە.

بەپێی سەرچاوەی هەواڵی ماڵپەڕی خەندان تەرمی ئەو کۆڵبەرە کوژراوە لەناوچە«کونەورچ»ی سەر بە قەزای پێنجوێن فڕێ دراوە و تا ئێستاش زانیارییەکی زیاتر لە سەر ناو و نیشانی ناوبراو نەزانراوە کە ئایا خەڵکی هەرێمی کوردستانی باشوورە یان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

شایانی باسە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لەو ماوەیەدا و لە رەوتی تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی



هەرێمی کوردستاندا بوونەتە هۆی کوژران و برینداربوونی نیزیک بە ١٠ کەس لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە و زیانی ماددی زۆریشیان بەو خەڵکە سنوورنشیانە گەیاندوە.

# وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی دەست پێکردنی سێهەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا



**میوانانی بەڕێز! ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

لە لایەن ڕیبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە نیسبەت گرتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدە کەم .

هیوادارم کۆنگرەکەتان بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچە، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە بتوانێ کۆمەڵێک ئەرک و بڕیار بۆ داهاتوو دەستنیشان بکات. ئێوە کۆنگرەکەتان بە دروشمی هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی رۆحی هاوکاری و یەکیەتی لە نێو ریزی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژناندا دەست پێکرد کە بە حەق دەسنیشانکردن و لێکدانەوەیەکی دروستە، بەڵام هاوکات ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر شانتان. دیارە ئێمە پێمان وایە ئەو ئەرکە بە کار و تێکوشان دەستەبەر دەکرێ. ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ئێوە ئاماژەتان پێکردوە. ئێران وڵاتێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هەڵکەوتووە و جموجۆڵێکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵک لەوێدا لە ئارادایە کە ژنانیش شانبەشانی پیاوان، کچانیش هاوشانی کوڕان لە هەموو بوارەکاندا تێدەکوشن تا دێموکراسی و حکوومەتی وڵامدەر لە ئێراندا سەقامگیر بێ و ماف لە ئێراندا سەقامگیر بێ و ماف لە ئێراندا نەهادینە بێ، ئەو کاتەیە کە مافی ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان لە بەر چاو دەگیرێ و لە کۆمەڵگەیەکی بەمجورە دایە کە ژنان دەتوانن بەختەوەربن.

دیارە بە حوکمی فرەچەشنی ئایینی و نەتەوەیی وڵاتی ئێران سروشتییە کە چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانیش لەو چوارچێوەیەدا پێناسە بکرێ. پاش کۆنگرە ٢ی ئێوە ئێران پتر لە جاران کەوتۆتە بەر سەرنجی جیهانی و ژنانیش پتر لە جاران بە شوێن مافەکانیان کەوتوون. دیارە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە یارمەتی دەدات تا لە داهاتوودا ژنان و پیاوان مافی یەکسانیان هەبێ ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەهێزتر بکرێ. چالاکییەکانی ژنان بەتایبەت ژنانی تاران لە ئاستی نێودەوڵەتی دا دەنگی داوەتەوە کە دەکرێ ئەو وزە و توانایە بە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ سەقامگیریی دێموکراسی کەڵکی لێوەربگیرێ. هیوادارم یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان مکانیزمی بەهێزترکردنی پێوەندی لەگەڵ ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران دەستنیشان بکات. بەداخەوە یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە وەزاڵە هاتوە ئەوەیە کە نەتەوەکان و حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانیوە لە سەر لانیکەمی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ دوارۆژی ئێران ڕێک بکەون. هیوادارم یەکیەتیی ژنان هەر وەک لە دروشمەکەیان دەستنیشانیان کردوە، لە پێناو بەهێز کردنی روحی هاوکاری لە نێو ژنان و هێزەکانی دیکە پێشرەو بن.

بۆ جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

---

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بۆ کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**بەشدارانی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

بە بۆنەی پێکهاتنی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتییەکەتان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە گەرمی پیرۆزبایی لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و ئێوە ئەندامانی کۆنگرە دەکا و هیواداریـن لە بەستنی کۆنگرەکەتان دا سەرکەوتوو بن.

هەروەک بۆخۆشتان دەزانن مێژووی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و ژیانی سیاسیی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاوێتە بووە. دەکرێ بڵێین یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە بە پێی دەرفەت بۆ بردنە پێشی داوا سینفییەکانی ژنان تێکۆشاوە و وەک ڕێکخراوێکی چالاکی سیاسییش بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی بێوچانی کردوە و لەو پێوەندییەدا هاوخەبات و یارمەتیدەرێکی زۆر باشی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. حیزبی دێموکراتیش لە دەورانی ژیانی سیاسیی خۆیدا هەمیشە لە یارمەتی و هیز و توانای ئینسانیی ئەو ڕێکخراوەیە بەهرەمەند بووە. ئەو ڕێکخراوەیە گەلێک ژنی تێکۆشەری پێگەیاندوە کە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و یەکسانیخوازیدا وەک ئەندام و کادری بەوەجی حیزبی دیموکرات تێکۆشاون و جێ پەنجەیان لە خەباتی سیاسیی حیزبی دیموکرات دا دیارە و تەنانەت لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا گیانیان بەخشیوە. هەر بۆیە هەرچەند ئەو ڕێکخراوە لە ماوەی دوور و درێژی ژیانی سیاسی و سینفیدا سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتیی خۆی هەبووە بەڵام مێژووی هاوبەش، تێگەیشتنی سیاسیی هاوبەش و نزیکیی یەکیەتیی ژنان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان وای لێ کردوە کە لێک جیاکردنەوەی حیزبی دیموکرات و یەکیەتیی ژنان بۆ هێندێک کەس کە بە باشی شارەزای پێوەندیی حیزبی دیموکرات و یەکیەتیی ژنان نین زەحمەت بێ. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە مێژووی خەباتکارانەی ئەو ڕێکخراوەیە دەڕوانێ لە دوو بواردا شوێن و جێ پەنجەی ئەو ڕێکخراوەیە بەروونی هەست پێدەکا. یەکەم: خەبات و تێکۆشانی لە پێناو وەدەستهێنانی مافی سینفیی ژنان لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەتایبەتی، هەرچەند ئیمکانی هەیە ئاکامی ئەو خەبات و تێکۆشانە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری کەمتر بێ لەوەی (چ لە دەورانی ڕێژیمی پێشوودا و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا) چاوەڕوان دەکرا، بەو حاڵەش شوێنەواری زۆر پۆزێتیڤی لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری داناوە کە جێگەی ڕێزە.

دووهەم: لە بواری سیاسییەوە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دامەزراوە. هەر بۆیە لەو ماوە دوور و درێژەدا کە ئەو ڕێکخراوە تێکۆشانی سیاسیی هەیە و پێی ناوەتە نێو ژیانی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر هەوڵی داوە بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و توانیویەتی شوێندانەر بێ لەسەر توێژی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک ڕێکخراوێکی دیاری نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان جێگەی خۆی بکاتەوە.

دیارە مێژووی پڕ لە تێکۆشان و هەوڵی بە نرخ نابێ هیچ لایەکمان رازی بکا، بەڵکوو یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێویستە بەو هەموو ئەزموونە کە وەسەر یەکی ناوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا و پێویستیی سەردەم بەرنامەکانی چڕوپڕتر بکا بۆ خەباتی هەمەلایەنە و سەردەمیانە لە بواری سینفی و نەتەوەییدا و بۆ بەرەوپێش بردنی داوا سینفی و سیاسییەکانی تێ بکۆشێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرتان دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان.

بە دەرفەتیشی دەزانین بە ئاگاداریی کۆنگرەکەتانی بگەیەنین کۆنگرەی پازدەیەمی حیزب کە لە مانگی جۆزەردانی ڕابردوودا بەڕێوەچوو، جارێکی دیکە لەسەر هەوڵدان بۆ بەشداریی ژنان لە ڕێبەریی حیزب و لە بەڕێوەبەریی ئۆرگانەکان دا پێی داگرتەوە. هەروەها دەنگی متمانەی بە کەڵکوەرگرتن لە هەڵاواردنی پۆزەتیڤ وەکوو میکانیزمێک بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجە دا و پشتگیری لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و یەک لەوان کۆنڤانسیۆنی سڕینەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێک دژی ژنانی لە بەرنامەی حیزب دا گونجاند. جگە لەمەش هەم لە بواری ڕاگەیاندن و بایەخدانی پەروەردە و فێرکردنی حیزب بە ژنان و هەم لە پێوەندی لەگەڵ بەشدار کردنی زیاتری ژنان لە بەڕێوەبەریی ئۆرگانەکانی حیزبدا، ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەیەمی ئەرکدار کردوە. ئەمانە نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان پرسی ژنان لە کۆمەڵدا و بەشداریی ژنان لە تێکۆشانی حیزبی و نەتەوەیی بە پرسی خۆی دەزانێ و بە ئەرکی خۆی دادەنێ کە کاری زیاتری بۆ بکا.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە ئەرکە دیاریکراوەکانیدا بە ئاوات دەخوازین و هیواداریـن ئەم کۆنگرەیەتان ڕۆڵێکی دیاری هەبێ لە بەرەوپێشبردنی تێکۆشان و چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی جۆراوجۆردا.

**دیارە مێژووی پڕ لە تێکۆشان و هەوڵی بە نرخ نابێ هیچ لایەکمان رازی بکا، بەڵکوو یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێویستە بەو هەموو ئەزموونە کە وەسەر یەکی ناوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا و پێویستیی سەردەم بەرنامەکانی چڕوپڕتر بکا بۆ خەباتی هەمەلایەنە و سەردەمیانە لە بواری سینفی و نەتەوەییدا و بۆ بەرەوپێش بردنی داوا سینفی و سیاسییەکانی تێ بکۆشێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرتان دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان**

**حیزبی دیموکرات کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**گەلاوێژی ١٣٩٠**

# گەشەی توندئاژۆیی مەسیحی لە ئورووپا

**ڕەحمان سەلیمی**

ئەو ڕۆژەی بورجە دووانەکانی نیۆیۆرک کەوتنە بەر هێرشی تێرۆریستان و بە هەزاران کەس بوونە قوربانی، خەڵکی جیهان پێیان وابوو پاش هەرەسهێنانی نازیسم و فاشیزم و هەروەها نەمانی هەڕەشەی شەڕی سارد، ئەوە هەڕەشەی توندئاژۆیی ئیسلامییە کە هێمنی و ئاسایشی جیهانی خستۆتە مەترسیەوە. ئەو ڕووە ترسناکەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی کە ئەلقاعیدە و تاڵەبان بە شێوەیەکی دیار نوێنەرایەتی دەکەن، لە دارشتنەوەی سیاسەتی وڵاتان و بە تایبەت زلهێزەکان پاش ١١ی سێپتامبر دەورێکی گرینگی گێڕاوە. لە تەکوزیی نوێی جیهانی دا ناوەندی هەموو نائەمنی و قەیرانەکان لە وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەبینرا کە هەمان ڕادیکالیزمی ئیسلامییە. ڕۆژئاواییەکان لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە ئیسلامی سیاسیی فەندەمێنتاڵ هێندەی کۆمۆنیزم هەڕەشە لە شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەکا.

دوو هێرشە تێرۆریستییەکەی ئەندرێس پرینگ برۆیک لە پێتەختی نۆرویژ و دورگەی ئۆتۆیا کە بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان هاووڵاتی مەدەنی، لوتکەی ئەو نائەمنییە دانپیانەنراوە بوو کە لەو ساڵانەی دواییدا لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئورووپادا بە شێوازی جۆراوجۆر دەرکەوتوون. ئەو ڕووداوە ترسناکە پێویستیی تێڕامان و پێداچوونەوە بە چەمکی ئەمنییەتی جیهانی و دووبارە پێناسە کردنەوەی هۆکارەکانی شێواندن و لەبار بردنی ئەو ئەمنییەتە ئاشکرا دەکات.

ئەندرێس پرینگ برۆیک پێش ئەنجامدانی کارە تێرۆریستیەکانی، نووسراوەیەکی دوور و درێژی لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت بڵاو کردۆتەوە کە لە هەمان کاتدا کە ئامانجەکانی خۆی لەو هێرشانە شی دەکاتەوە، ئەوەشمان بۆ دەسەلمێنێ کە لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی دا ئەو چەشنە بیرکردنەوەیە بوونی هەیە،

ناوبراو لە «مانیفێستی ٢٠٨٣»دا پێی وایە کە ساڵی ٢٠٨٣، ساڵی سەربەخۆیی ئورووپاییەکانە لە مارکسیزمی کولتووری و ئیسلامیزم. موسوڵمانان لە ئورووپا دژی مەسیحییەکان جیهادی دیموکراتی دەکەن بۆ ئەوەی ڕێژەی حەشیمەتیان تا ئەو ئاستە بەرز بکەنەوە کە بتوانن بەسەر کولتوور و شارستانییەتی ئورووپا دا زاڵ بن. برۆیک حیزبە چەپەکانی ئورووپا بە تاوانبارانی سەرەکیی ئەو دۆخە دەزانێ و تەنانەت هێرش دەکاتە سەر فێمینیستەکان کە شیرازەی بنەماڵەییان لە ئورووپا تێک داوە و لە لایەک بە دانی مافی لەبار بردنی منداڵ و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژەی زاوزێیان کەم کردۆتەوە و لە لایەکی دیکەوە بە لەرزۆک کردنی بنەماکانی بنەماڵە، ڕەسەنایەتیی شارستانییەتیی ئوروپایان خستۆتە مەترسیەوە.

برۆیک ڕەگەزپەرستێکی مەسیحیی توند ئاژۆیە کە بە وتەی خۆی ئەندامی گرووپێکە کە دەیانەوێ دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی لە ئورووپای ڕۆژئاوا بە دەستەوە بگرن و کۆنزێرڤاتیزمی کولتووری سیاسی بنیات بنێن. هەرچەند ئورووپاییەکان هەوڵ دەدەن دەمارگرژیی ئایینی لە برویک دادڕن و هۆکاری دیکە بۆ هێرشە تێرۆریستییەکانی بخەنە ڕوو، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەتوانین بەدوای خاڵی هاوبەش لە نێوان برۆیک و بن لادێن دا بگەڕێین. بن لادێن پێی وابوو شارستانییەتی ئیسلام لە مەترسی دایە و بۆ ڕزگار کردنی پێویستە لە هەموو ڕێگەیەک تەنانەت کوشتنی مرۆڤەکان کەڵک وەربگرێ. برۆیکیش بە پێی دانپیانانەکانی خۆی بۆیە دەستی داوەتە کوشتنی خەڵکی سیڤیل، تا دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی لە مەترسیی هەژموونی فەرهەنگی و ئایینی و کولتووری موسوڵمانان ئاگادار بکاتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا حیزبە ڕاستە توندڕەوەکان لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئورووپا گەشەیان کردوە و لە پەرلمان و حکوومەتی هەندێک لەو وڵاتانەش دا بەشدارن. بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی پارلەمانی سوئێد لە ساڵی رابردوودا، حیزبی سوئێد کە حیزبێکی ڕاستی توندڕەوە توانی ٢٠ کورسیی پارلەمان بە دەست بێنێ. هەروەها لە فەرانسە، فەنلاند، دانمارک، هولەند، ئیتالیا، سوئیس و... حیزبە ڕاستەکان بوونەتە بەشێک لە پەرلەمان و دەسەڵات.

پەرەسەندنی ئەو ڕەوتە گشتگیرە کە دەتوانین برۆیک بە توندڕەوترین جەمسەری ئەو ڕەوتە بزانین، دژکردەوەیەکە بەرامبەر سیاسەتی حیزبە چەپەکانی ئەو وڵاتانە لە وەرگرتنی پەنابەر و بەتایبەت پەنابەرانی موسوڵمان دا. بە واتایەکی دیکە توندڕەوەکان بە وتەی خۆیان دژایەتی «یوورابیا» دەکەن کە هەمان واتای ئورووپایی بە عەرەبیکراو دەگەیەنێ.

تەقینەوەی ئۆسلۆ و کوشتاری لاوانی بەشدار لە گەشتی هاوینە کە لە لایەن حیزبی دەسەڵاتدار لە دورگەی ئۆتۆیا ڕێکخرا بوو. گۆڕانێکی جیدی لە پێناسەی دەقگرتووی تیرۆریزم دا پێک دێنێ. ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە توندئاژۆیی ئایینی چ ئیسلامی و چ مەسیحی بارگاویە بە لۆژیکی چەک و ترس و تیرۆر.

سەرهەڵدان و گەشە و بەردەوامیی توندئاژۆیی ئیسلامی بەرهەمی کۆلۆنیالیزە کردنی وڵاتانی ئیسلامی لە لایەن ڕۆژئاواوە بوو کە بە شێوازی جۆراوجۆر بە سەر ئەو وڵاتانەدا سەپێنراوە و تا ئێستاش بە شێوازی جیاواز بەردەوام لە لایەن حوزووری دەسەڵاتدارانە و خۆسەپێنانەی ڕۆژئاوا و ڕەخنەکردنیان بۆ نێو هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە سیاسەت و کولتوور و ئابووری و... بەستێنی گەشەی ڕادیکالیزمی ئیسلامیی ڕەخساندوە. لە لایەکی دیکەشەوە حوزووری پەنابەرانی موسوڵمانی بێدەسەڵات و تا ڕادەیەکی زۆر بێپلان و بەرنامەی تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەستێنی سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی مەسیحیی ڕەخساندوە. ئەو دوو دیاردەیە لە جەوهەردا یەک شتن بە دوو ڕووکاری جیاوازدا. لە ڕاستیدا لە هەر گۆشەیەکی جیهان دا ئایین مامەڵەی نالۆژیکی لەگەڵ بکرێ، سیمایەکی تۆقێنەر بەخۆوە دەگرێ، چون ئایین دەبێتە ئیدئۆلۆژییەک کە بە پێی سروشتی خۆی سەروکاری لەگەڵ ڕەهابوون هەیە و تەحەمولی جیاوازی ناکا، بوونی لە نەبوونی بیروباوەڕی جیاوازدا دەبینێتەوە و لە هەموو کەرەسەیەک بۆ لەنێوبردنی جیاوازییەکان کەڵک وەردەگرێ. کاتێک ساموئێل هانگتۆن باسی لە پێکدادانی شارستانییەتەکان کرد و بەرەوڕووی ڕەخنە و دژایەتی بۆوە، بەڵام لە ڕاستیدا هانگتۆن باش لەو ڕاستیە گەیشتبوو کە هەر دوو شارستانییەتی ئیسلامی و شارستانییەتی مەسیحی خاوەن ڕەگەزی بەهێزی توندڕەوین.

بەهەرحاڵ هێرشە تیرۆریستییەکانی وڵاتی نۆرویژ، شەڕی ڕۆژئاواییەکانی لەگەڵ تیرۆریزم بەرەو ئاقارێکی ئاڵۆزتر لە پێشوو دەبا و ناچاریان دەکا بەشێک لە هێزەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی خۆماڵی تەرخان بکەن.

# « گەورە مەبە کزەی جەرگم، تا من مابم...»

**عەلی بداغی**

ماوەیەکە لە پەنا و پەسیوی هەواڵ و ڕووداوە سیاسییەکان لە لاپەڕەی ئینتێرنێت و هەواڵدەر ییەکاندا جاروبارە باس لە پەرەسەندنی دیاردەی منداڵ لە ئێراندا دەکرێ، بە تایبەت کە لەو ماوەیەدا لە شاری تاران چوار منداڵی سێ تا ٧ ساڵ تەمەن بە هۆی سەختیی برینەکانیان گیانیان لە دەست دا و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو دیاردەیە لە ئێرانی پڕ کێشە و هەڵڵای سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بێتەوە ڕۆژەڤ و دیسانەکەش باس و خەسارناسی بکرێتەوە.

ئازاردانی منداڵ چیە؟ ئەو دیاردەیە چەندە لە ئێراندا بەرچاوە؟ هۆکارەکان چین؟ ڕێوشوێن و ڕێکارە قانوونییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە کامانەن؟ خەسار و زیانەکانی ئەو دیاردەیە چ کەسانێک دەگرێتەوە و نەخش و ڕۆڵی خێزان، کۆمەڵگا و دەوڵەت لە پێناو نەهێشتنی ئەو دیاردەیەدا چین و چەندەیان جێبەجێ کراون؟

وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی سەرەوە دەتوانێ وێنەیەکی گشتیمان لەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەی ئێراندا بۆ بخاتە بەرچاو.

سروشتییە کە باس لە ئازاردانی منداڵ دەکرێ، لایەنی سەرەکیی ئەو کێشەیە منداڵە. منداڵان بە هۆی تایبەتمەندیی فیزیۆلۆژی و تەمەنییان شلک و ناسکن و بە کەمترین توندوتیژی زۆرترین زیانیان بەر دەکەوێ، کەواتە هەموو منداڵێک تا لەو قۆناغە تەمەنییە تایبەتە تێپەڕ دەبێ، پێویستی بە پشتیوانی و ئاگاداری و چاودێریی گەورەکانە، بەڵام هەر لەو کاتەشدا و هەر لەلایەن گەورەکانیشەوە و زۆر جار بە پاساوی پەروەردە و بارهێنان یان هۆکاری دیکە دەکەونە بەر توند و تیژی و زیانیان وێ دەگا.

نموونە و ئامارەکان لەو بارەوە زۆرن، بەڵام بە گشتی ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە لە ئێران کچان زیاتر لە کوڕان بەرەوڕووی ئازار و لێدان و تەمبێی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە و ئەو منداڵانەش کە زیاتر دەکەونە بەر تەوژمی ئازار، زۆرتر تەمەنیان لە نێوان یەک تا پێنج ساڵ دایە و زۆربەشیان لە لایەن باوکیانەوە ئازار دەدرێن.

لە کۆمەڵگەی ئێراندا تەمێ کردنی منداڵ یەکێک لە دەرکەوتەکانی کولتووری پەروەردەیی کۆمەڵگەیە و هەر بۆیەش ئازاردانی منداڵان کە زۆربەی جار بە پاساوی بارهێنان و پەروەردە کردنیان دەکرێ، نەک هەر لە نێو بنەماڵە، بگرە لە خوێندنگەکانیشدا زەق و بەرچاوە. ئێستاش زۆرن ئەو کەسانەی کاتێ مامۆستای قوتابخانەی منداڵەکانیان دەبینن یان سەردانی خوێندنگەی منداڵەکانیان دەکەن، بەوپەڕی باوەڕ و شانازی! پێکردنەوە دەڵێن کە « گۆشتی بۆ ئێوە و ئێسکی بۆ من». تەنانەت ئەو بابەتە لە قانوونی مەدەنیی ئێرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە و بە پێی قانوونی مەدەنیی ئێران تەمێ کردنی منداڵان لە لایەن دایک و باوکیانەوە دەبێ ڕێگەپێدراو، باو و گونجاو ( متعارف) بێ، بە بێ ئەوەی هیچ سنوور و وردەکارییەک لە نێوان تەمێی ڕێگەپێدراو و ڕێگە پێنەدراو لە گۆڕێ دابێ، یان بە وردی و تەنانەت بە گشتییش باسیان کرابێ. هەر ئەوەش وای کردوە کە زۆربەی بکەرانی توندوتیژی و منداڵ ئازارەکان کە زۆرتریش دایک و باوکانن، بەهۆی نەبوونی یاسای پشتگیری لە منداڵان و لیلی و ناڕوونیی قانوونەکان لەو پێوەندییەدا بۆی دەرچن و لەو نێوەدا ئەوە هەر منداڵانن کە دەبێ بە دەم ئێش و ئازاری خۆیان بتلێنەوە و دەنگیشیان بە هیچ کوێ ڕانەگا.

بەڵام ئازاردانی منداڵ چیە و جۆرەکانی چۆن پۆلێنبەندی کراون؟

ئازاردانی منداڵ بە هەموو ئەو ڕەفتار و کردارانە دەڵێن کە لە لایەن گەورەکانە دەرحەق بە منداڵان دەکرێ و لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە زیان بە سڵامەتیی ئەو دەگەیەنێ.

ئازاردانی منداڵ لە سێ جۆری جەستەیی، دەروونی و جینسیدا پێناسە کراوە.

لە ئازاردانی جەستەیی منداڵ دا، منداڵ جارێک یان چەند جار و بەردەوام لە لایەن کەسانی گەورەتر لە خۆیەوە دەدرێتە بەر کوتان و لێدان و بەو هۆیەوە ئێش و ئازاری پێ دەگا، گیانی دەکوترێ، ئێسکی دەشکێ، بریندار دەبێ و تەنانەت لەوانەیە بە هۆی سەختیی برین و ئازارەکەی گیانیشی لە دەست بدا. وەک ئەو چوار نموونەیە کە لە تاران ناوەکانیان ئاشکرا کرا و پێیان زاندرا. ئازاردانی جەستەیی منداڵ زۆر کردەی وەک لێدانی بە شەپ و زللەی منداڵ، بەستنەوەی منداڵ، بە دار و دیوار دادانی منداڵ، سووتاندنی منداڵ بە ئاوی کوڵیو، یان شلەمەنیی گەرم و داخ کردنی منداڵ بە شیش و ئاسنەواڵەی وەک کەوچک و .... دەگرێتەوە.

ئازاردانی دەروونیی منداڵیش بریتییە لە هەر کردە و ڕەفتارێک کە زیان بە کەسایەتیی منداڵ و بیرکردنەوەو تێگەیشتنی لە دیاردەکانی دەوروبەری بگەیەنێ. هەموو چەشنە ئازاردانێکی بەزار، یان بە کردار، قسەی ناخۆش و شکاندنەوە، گاڵتە پێکردن، تۆقاندن و فەرق و جیاوازیدان دەتوانن لەو بەشەدا جێ بگرن کە منداڵان تووشی ئازاری دەروونی دەکەن.

ئازاردانی جینسیی منداڵانیش بە کەلکی خراپ وەرگرتن لە منداڵان بە مەبەستی بازرگانیی سێکسی، دەستدرێژیی سێکسی کردنە سەر منداڵان و هەموو ئەو ڕەفتار و کردەوانە دەگوترێ کە بە مەبەستی چێژ وەرگرتنی سێکسی لە منداڵان دەرحەق بەوان دەکرێ و هاوکات زیانی دەروونی و جەستەییشیان پێ دەگەیەنێ.

ئازار دانی منداڵ دیاردەیەکی کولتووری، کۆمەڵایەتییە و لە ئێراندا منداڵان سەتا ٧٠ لە لایەن دایک و باوکیان، سەتا ٢٠ لە لایەن کەسوکار و مامۆستایانی خوێندنگەیان و سەتا ١٠ ش بە هۆکاری جیاواز و لە لایەن کەسانی بەدەر لەو لایەنانە دەکەونە بەر توند و تیژی و ئازار دەدرێن.

ئەوەی لێرەدا زەق و بەرچاوە ئازاردرانی منداڵان بە گشتی لە لایەن دایک و باوکیانە. لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەو پێوەندییەدا دەری خستوە کە زۆربەی ئەو دایک و باوک و تەنانەت مامۆستایانەی خوێندنگەکان کە بە ڕەفتارەکانی خۆیان ئازار بە منداڵان دەگەیەنن، نازانن یان پێیان وا نیە کە ڕەفتار و هەڵسوکەتی ئەوان بە واتای ئازاردانی منداڵە. دایک و باوکان و مامۆستایانی خوێندنگەکان تەنانەت تەمێ کردنی منداڵ و هەموو ئەو ڕەفتارە ناحەز و ناشیرینەی وەک شکاندنەوەی منداڵان دەرحەق بەوانیان دەکەن، بەشتێکی پێویستی دەزانن.

لەلایەکی دیکەشەوە کێشە ئابورییەکان کە لە ئێستای کۆمەڵگای ئێراندا تەنگیان بە خەڵکی هەڵ چنیوە و لەو سۆنگەیەوە زۆربەی خەڵکی ئێران لە ژێر فشاری ڕادەبەدەری ئابووریدا پشتیان چەماوەتەوە، بوارێکی لەباریان بۆ بە ئاسایی وەرگیرانی توند و تیژی لە خێزان و ئازادرانی منداڵان خۆش کردوە.

کێشەکانی نێو خێزان، نەخۆشیی دەروونیی دایک و باوک، ئیعتیادی دایک و باوک، ڕێگەپێدرانی قانوونی بۆ توند و تیژی دژی منداڵان و ئازاردانی ئەوان لە ژێر ناوی تەمێ و بە پاساوی پەروەردەیی چەند هۆکارێکی دیکە بۆ بەردەوامی و پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لە ئێران دان.

دوا وتە ئەوەیە کە ئەدی لە پێناو بنەبڕ کردنی ئەو دیاردەیەدا کە زیانی زۆر بە منداڵان و سڵامەتی و ئەمنیەتی کۆمەڵگە دەگەیەنێ، چ بکرێ باشە؟

بێگومان گۆڕین و پێداچوونەوە بە قانوونەکانی ئێستای ئێران کە لە جێدا ڕەوایی بە توند و تیژی و ئازاردانی منداڵ دەدەن، هەنگاوی سەرەکی و بنەڕەتییە. پارلمان دەبێ کۆمەڵە قانوونێکی تایبەت بۆ ڕێگرتن لە تەمێ کردن و ئازاردانی منداڵان و خراپ کەلک وەرگرتن لە منداڵان دابڕێژێ و پەسندی بکا و لە کۆمەڵگەدا جێی بخا. دەبێ بە پێی قانوون هەرچەشنە تەمێ و ئازاردانی منداڵان لە خوێندنگەکان و بنەماڵەش قەدەغە بکرێ و لە تەنیشت بوونی وەها قانوون گەلێکدا دەبێ بەردەوام هەوڵ بۆ بردنە سەرێی تێگەشتن و بیر و زانیاریی خەڵک لەبارەی مافی منداڵان بدرێ.

بۆ ئەو مەبەستە هەم ئەرکی حکومەتە کە لە ڕێی دامودەزگا پەروەردەیی و فێرکارییەکان و هەروەها ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیی وەک دەنگ و ڕەنگ دەبێ ئەو کولتوور و تێگەیشتنە جێ بخا کە تا ئێستا نەی کردوە؛ هەمیش ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە لەو بارەوە چالاکییەکانیان چڕ و پڕ بکەن کە ئەویش هەر هەمیسان بە هۆی سیاسەتەکانی حکوومەت لە هەمبەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو ڕێکخراوانە ڕووحێکی ئەوتۆیان بە بەردا نەماوە تا بتوانن بپڕژێنە سەر ئەو ئەرک و گرینگییانە.

# تاوانێک لە «سێ سنوور»

## (٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی پۆلێک تێکۆشەری دیموکرات بە دەستی ئەرتەشی تورکیە)

ب . هیوا

هەستنە سەر پێ، وا کاروانی ئەمجارەمان بە پێشەنگیی مامۆستایەک، لە مەڵبەندی سوارچاکان و مێرخاسانی تەرگەوەڕ و دەشتەبێڵ و شنۆوە بۆ لاتان دێ. هەستنە سەر پێ، ئەم کاروانەی شەهیدانمان، داستانی تاوانێکی گەورەی دیکەی دوژمنانی رزگاریی ئەم کوردستانەی لە دڵدایە.

گوێ رادێرن بۆ پێشەنگی ئەم کاروانە کە چۆن لە «سێ سنوور»ی دەسکرد دا، لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی لە لایەن ئەرتەشی تورکان گەمارۆ دران و بە دیل گیران. «کاوێس ئاغا»! تۆ لە کوێ بووی تا لە توێی لاوکی خۆت دا، بۆمان بێژی کۆمەڵێک عەودالّی ئازادی و تێکۆشەری سەنگەری کوردایەتی، بە دەستی ئەرتەشی تورکان، چلۆن هاتنە شەهید کرنێ؟ «خواکورک»! من چاوەڕێم ئەم داستانەی، ئەو تاوانەی، شاهیدی بووی، چی‌تر لە هەناوی خۆت دا هەڵی نەگری و پاشی ٢٠ ساڵ، ئەمڕۆ بۆمان بگێڕییەوە.

***

نێوەراستەکانی نێوەراست مانگی هاوینی ١٣٧٠ی هەتاوی، لە زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە چالاکی و تێکۆشانی خۆیان، هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان وەئامان هێنابوو. ئەوان لە قووڵایی ناوچەکان و لە ئامێزی گەرمی خەڵکی حیزبدۆست و پێشمەرگەپەروەر دا، بە کۆماری ئیسلامییان دەسەلماندەوە کە بە شەهیدکردنی د.قاسملووی ریبەر و بە هێنانی هێزی زیاتری نیزامی بۆ کوردستان، ناتوانن چۆک بە خەباتی حیزبی دیموکرات دابدەن و لە چنگ زەبری هێزی پێشمەرگەی دیموکرات، رزگاریان بێ. لە سەر سنوورەکانی هاوبەشی ئێران، عێراق و تورکیەش، لەم دیو و ئەو دیوی ئەو هێڵە سوورانەی داگیرکەران، دڵی نیشتمانی ئێمەیان پێ لەت کردوە، سوپا و هێزی پۆشتە و پەرداخی تورکیە و ئێران لە هەوڵی قایمکردنی سنوور و زەبر وەشاندن لە تێکۆشەرانی کورددا بوون.

پێشمەرگەکانی بنکەی گومرکی کومیتەی شارستانی شنۆ و تیمێکی سەر بە مەڵبەندی شیمالی حیزبی دیموکرات، لە نێوەندی ٣ سنووری ئێران، عێراق و تورکیەدا، گیرسابوونەوە. تیمەکەی مەڵبەندی شیمال،لە مەئموورییەتی ناوچەی ورمێ را گەڕابوونەوە و لە لای بنکەی گومرگی کۆمیتەی شارستانی شنۆ مابوونەوە. ئەوان بە یەکەوە خۆیان بۆ کۆکردنەوەی داهات لە نێو زەحمەتکێشانی نەتەوەکەیان تەرخان کردبوو تا لەم ڕێگایەوە بەشێک لە پێداویستیەکانی حیزبەکەیان و هێزی پێشمەرگە دابین بکەن. لە لایەکەوە دەبوایە بە ناوی وەرگرتنی گومرگ ،یارمەتی بۆ شۆڕش کۆ بکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە دەبوایە وشیاری پیلان و دەست وەشاندنی بەکرێگیراوان و هێرشی نیزامیی ئێران و تورکیە بۆ سەر خۆیان و ناوچەکە بن.

بەرپرسایەتیی دەستەی گومرگی شارستانی شنۆ بە مامۆستا مەلا حەمەدەمینی خزری و بەرپرسایەتیی تیمە تەشکیلاتییەکەی کۆمیتەی ورمێ(سەر بە مەڵبەندی شیمال)، بە عەوڵا سەلیمی، ئەندامی کۆمیتەی شارستانی ورمێ بوو. ئەو دوو کەسە، نموونەی دڵسۆزی و دەستپاکی و خۆشەویستی لە نێو خەڵک دا بوون. هەر بۆیەش ئەم دووکارە هەستیارەیان پێ سپێردرابوو. پێشمەرگەکانی دیکەی بنکەی گومرگی شنۆ کە مامۆستا مەلاحەمەدەمین بەرپرسیان بوو، بریتی بوون لە مستەفا دانیشمەند (ناسراو بە مستەفا تایفە خەڵکی چەشمەگۆل)، مستەفا بایزیدی (خەڵکی چەپەراوێ)، برایم زەرزا (خەڵکی کانی سۆرک)، یونس بلباسی خەلکی سندووس و کوڕی تێکۆشەری دێرین خاڵە شێمحەممەد. پێشمەرگەکانی تیمەکەی سەر بە مەڵبەندی شیمالیش کە عەوڵا سەلیمی بەرپرسیان بوو، بریتی بوون لە سەید واحید مەحموودی (خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ) و عەبدوڵلا خالیدی ناسراو بە خەبات (خەڵکی خوراسپ).

مانگی گەلاوێژی ١٣٧٠ (١٩٩٠)، ئەرتەشی تورکیە بە هێزێکی زۆرەوە و بە پشتیوانیی فرۆکە و تۆپ و خۆمپارە، هێرشێکی بەربڵاوی بۆسەر زنجیرەچیای «خواکورک» کە دەکەوێتە نێو خاکی باشووری کوردستان، دەست پێکرد. ئامانجی ئەم هێرشە زەبروەشاندن لە گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. پێشمەرگەکانی بنکەی گومرکی کومیتەی شارستانی شنۆ وتیمەکەی مەڵبەندی شیمال کە پێکەوە لەو ناوچەیە بوون، لە لایەن ئەرتەشی تورکیەوە گەمارۆ دران. ئەوان کە سەر بە هێزێکی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بوون و تەنیا کۆماری ئیسلامییان بە دوژمنی خۆیان دەزانی، هەروەها بەو هۆیەوە کە هیچ دوژمنایەتییەکی دەوڵەتی تورکیە و ئەرتەشی ئەو وڵاتەیان نەکردبوو، پێیان وانەبوو ئەرتەشی تورکیە دەستیان لێ دەوەشێنێ. هەر بۆیە بەر لە هێرشی ئەرتەشی تورکیە، لەم ناوچەیە پاشەکشێیان نەکردبوو وەدەلیلێکیشیان نەبوو بۆ ئەوەی لە کاتی رووبەروو بوون لەگەڵ ئەو ئەرتەشەدا، شەڕی لەگەڵ بکەن. سەرەڕای ئەم راستییانەش، ئەرتەشی تورکیە، رۆژی ١٤ی گەلاوێژ لە شوێنێک بە ناوی «دۆڵ گامێش» هەر ٨ کەسیان گەمارۆ دەدا و بە دیلیان دەگرێ. ئەم پۆلە دیلە، رۆژێک دواتر، واتە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٧٠، لە شوێنێک لە «بن لیسان» لە سەر چۆمی «سەرکەم» دەدرێنە بەر دەسڕێژی ئەرتەشی تورکیە و بە ناحەق شەهید دەکرێن.

ئەم تاوانە شەرماوییەی ئەرتەشی تورکیە، کاتی خۆی دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو. چەند کاناڵێکی تەلەفیزیۆنیی تورکیەش، وێڕای نیشاندانی وێنەی تەرمی خوێناویی هێندێک لەو شەهیدانە،ئەوانی وەک گریلای پارتی کرێکارانی تورکیە،کە بە هۆی ئۆپەراسیۆنی ئەرتەشی ئەو وڵاتە کوژراون،پێشان دابوو. بەداخەوە هیچ یەک لەو ٨ پێشمەرگەیەی دیموکرات کە بە هۆی ئەرتەشی تورکیە بە دیل گیران، گیانی ساغیان دەرباز نەکرد تا هەواڵی ئەم رووداوە و چۆنیەتیی رووداوەکە بەزوویی بگەیەننە حیزبی دیموکرات. هەروەها بە هۆی نیزامی بوونی ناوچەکە و داهاتنی فەسڵی سەرما، زۆر لایەنی تاوانەکەی ئەرتەشی تورکیە، بە درەنگەوە روون بۆونەوە. تەنانەت تەرمی دابێژدابێژکراوو شێواوی شەهید مەلا حەمەدەمین و سێ هاوڕێی دیکەی، بەهاری ساڵی دواتر لە دەم چۆمی «سەرکەم» دۆزرایەوە و بە خاک سپێردران. تەرمی چوار شەهیدەکەی دیکە، تا ئێستاش نازانرێ چیان بەسەر هاتوە و لە کوێ ژێر خاک کراون.

بەم جۆرە ٨ مرۆڤی تێکۆشەر، ٨ پێشمەرگەی دیموکرات، ٨ رۆڵەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە غەدر و ناحەق، لە لایەن ئەرتەشی تورکیەوە شەهید کران و ئەو تاوانەش چووە سەر تاوانەکانی دیکەی ئەرتەشی تورک لە دژی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد.دیارە حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد، هیچ کات ئەم تاوانە لە بیر نابەنەوە. چەند تاوانبارێکی نیشتمانفرۆشیش کە رۆڵی سەرەکییان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا هەبووە، دەبێ بزانن بۆ حیزبی دیموکرات ناسراون ورۆژی خۆی ئەم حیزبە و گەلی کورد سەبارەت بە خەیانەت و تاوانەکانیان بەرەورووی حوکمی عەداڵەتیان دەکەنەوە.

ئێوەش ئەی هاوڕێیانی شەهید! لە ٢٠ ساڵەی شه هید بو و نتا ند ا ، د ڵنیا تا ن دەکەینەوە کە هەر وەک چۆن، یادتان، رێگاکەتان و ئامانجەکانتان لە بیر ناکەین، تاوان دەرحەق بە ئێوە، بنەماڵەکانتان، حیزبەکەتان و نەتەوەکەتان لە بیر ناکەین. رۆژێ دادێ کە تاوانخوڵقێنان، بە بۆنەی ئەم تاوانە و زۆر تاوانی دیکە کە دژی گەلی کورد کردوویانە، بەرەورووی دادپەروەری ببنەوە و لە سەر ئەم جۆرە کردەوانەیان، رسوای مێژوو بکرێن. ئێوە!ئەگەرچی، بە ئاسوودەیی سەرتان نەنایەوە و لەوپەڕی ناباوەڕی‌دا، گیانیان لێ ستاندن، بەڵام دڵنیابن یادتان، لە دڵی هاوسەنگەرانتان و رۆڵە بەوەفاکانی نەتەوەکەتان دا زیندووە. خوێنی بە ناحەق رژاوی ئێوە و بیرەوەریی تێکۆشانتان، تێکەڵ بە سروشتی دڵگری زۆزان و رێچکە و رێگا کوێستانییەکانی «سێ سنوور» و خواکورک» بووە. بە سەرهاتی بە ناحەق شەهیدکرانتان و بە دیلی کوژرانتان، لە نێو هۆبە بە هۆبەی هەوارچییەکان، لە نێو ماڵ بە ماڵی خەڵکی نەرزیوێ و ئاڵیان و چەشمەگۆل و چەپەراوێ و کانیسۆرک و دزەی مەرگەوەڕ و خوراسپ و دەشتی سندووس دا، لە نێو بنکە و بارەگاکانی هاوڕێیانی درێژەدەری رێگاکەتان و لە نێو سەنگەرەکانی ئەمڕۆی ئەم چیایانەدا، بووە بە چیرۆکی بەر ئاگردان، چیرۆکێک بۆ راپەراندن و لە بیرنەکردنی رێگا و ئامانجتان. ئێوە ئەو چیرۆکە نەمرەن کە نەوە بە نەوەی نەتەوەکەتان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە تا نەسلەکانی ئەم میللەتە هیچکات لە بیریان نەچێ کە نەوەکانی پێش خۆیان لە دەست داگیرکەران چیان چێشتووە و چلۆن لە پێناوی داهاتووی ئەم نەتەوە و نیشتمانە رەنگینە دا قوربانییان داوە. یادتان بەخێرو سڵاو لە یادتان، سڵاو لە بنەماڵەکانتان و ئازیزانتان کەبەشی هەرە زۆری خەمی لە دەستدانی ئێوە لەم بیست ساڵەدا لە سەرشانی ئەوان بووە. بە ئاواتی بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی رزگاریخوازانە تا ئەو رۆژەی ئاواتەکانی ئێوە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دێنە دی.


محەمەدئەمین خزری ،


ئیبراهیم زەرزا


مستەفا دانیشمەند، (مستەفا تایفە)


عەبدوڵلا سەلیمی


واحید مەحموودیان،


یونس بڵباسی،


عەینوڵلا خالیدی،


مستەفا بایزیدی

**بەم جۆرە ٨ مرۆڤی تێکۆشەر، ٨ پێشمەرگەی دیموکرات، ٨ رۆڵەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە غەدر و ناحەق، لە لایەن ئەرتەشی تورکیەوە شەهید کران و ئەو تاوانەش چووە سەر تاوانەکانی دیکەی ئەرتەشی تورک لە دژی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد.دیارە حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد، هیچ کات ئەم تاوانە لە بیر نابەنەوە.**

# بە بۆنەی دەست بەکاربوونی دوکتور ئەحمەد شەهیدەوە

## (بەشی دووهەم و کۆتایی : مێتۆدی کاری ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان)

د. ئاسۆی حەسەن زادە

ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (کە دەکرێ بە ناوی جۆربەجۆر وەک ڕاپۆرتۆری تایبەتی، پسپۆڕی سەربەخۆ، نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتی، گرووپی کاری، ... هتد بانگ بکرێن( دەچنە خانەی ئەو مێکانیزمانەی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ کە بە «ڕێوشوێنە تایبەتی‌یەکان» ناودێر کراون. مەبەست لە ڕێوشوێنی تایبەتی ئەو ڕێکارانەیە کە دەکەونە دەرەوەی مێکانیزمە نیهادییە دائیمی‌یەکان) بۆ نموونە مێکانیزمەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا).

### تایبەتمەندیی کاری ڕاپۆرتۆرەکان

دەتوانین جیاوازیی کارکردی ڕاپۆرتۆرەکان و بەگشتی ڕێوشوێنە تایبەتییەکان لەگەڵ مێکانیزمی پارێزگاری لە ڕێگای پەیمانە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤەوە لە سێ خاڵدا ببینین کە لەڕاستیدا کەڵک و بایەخی ئەو ڕێوشوێنە تایبەتیيانەش هەر لەو سێ خاڵەدا خۆ دەنوێنێ:

١- لە سیستمی پەیماننامەکاندا بۆ ئەوەی چاوەدێری بەسەر ڕەفتاری دەوڵەتێکدا ئەکتیڤ بکرێ، پێویستە دەوڵەتەکە پەیمانەکەی ئیمزا کردبێ، لەحاڵێکدا کە بۆ وەگەڕخستنی مێکانیزمی ڕێوشوێنە تایبەتییەکان ئەندامەتیی دەوڵەتان لە ڕێککەوتننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤدا پێشمەرج نیە.

٢- بۆ ئەوەی تاکەکان لەلای نیهادەکانی چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی پەیمانەکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانیان شکایەت بکەن، پێویستە پێشتر لە وڵاتی خۆیاندا هەموو کەناڵە ئیداری و قەزاییەکانی شکایەت و داواکارییان بەتاقی کردبێتەوە و سەرکەوتوو نەبووبن. لە ڕێوشوێنە تایبەتییەکاندا دەکرێ کەسێک پەنا بۆ ئەو ڕێوشوێنانە بەرێ بەبێ ئەوەی بە کەناڵە نێوخۆیی‌یەکانیشدا تێپەڕیبێ.

٣- بۆ شکایەت لەلای نیهادەکانی چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی پەیمانەکانی مافی مرۆڤدا پێویستە پێشێلکارییەکە ڕووی دابێ و کەس یان کەسانێک قوربانی یان زەرەرمەند بووبن. لە ڕێوشوێنە تایبەتییەکاندا هەر ئەوەندە کە مەترسیی ڕوودانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و ئەگەری قوربانی بوون یا زەرەمەند بوونی مرۆڤەکان هەبێ، دەکرێ داوای دەستێوەردانی ئەو ڕێوشوێنانە بکرێ.

### پۆلێنبەندیی ڕاپۆرتۆرەکان : ڕاپۆرتۆر بۆ مافێک لە هەموو جیهاندا/ ڕاپۆرتۆر بۆ هەموو مافەکان لە وڵاتێکدا

مەئمووریيەتی ڕاپۆرتۆرەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبێ. دەستەی یەکەم ئەو ڕاپۆرتۆرانەن کە پێیان دەگوترێ ڕاپۆرتۆری تێماتیک (بەپێی بابەت)، واتە ئەو مەئمووریيەتانە کە لە وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە جیهاندا لە بوار و بابەتێکی دیاریکراوی مافی مرۆڤدا دەکۆڵنەوە و پێشنیاری هەڵێنانەوەی هەنگاو و پەسند کردنی نۆرمی پێویست بۆ باشکردنی دۆخی مافی مرۆڤ لەو بوار و بابەتەدا دەکەن. تا ئێستا لە زیاتر لە ٣٠ بواردا ڕاپۆرتۆری تێماتیک دیاری کراوە کە لەنێو واندا دەکرێ ئاماژە بە بێ سەر و شوێن کردنی خەڵک، ئێعدامی ناقانوونی و سەرپێیی و سەرەڕۆیانە، شکەنجە، ئازادیی مەزهەب، زیندانی کردنی سەرەڕۆیانە، ئازادیی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین، ڕاسیزم و هەڵاواردنی نەژادی، سەربەخۆیی دادوەر و پارێزەرەکان، توندوتیژی بەدژی ژنان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، گەلانی بوومی، ئاوارەکانی نێوخۆی وڵات، پرسەکانی پێوەندیدار بە کەمایەتییەکان، ... هتد بکەین.

دەستەی دووهەمی ڕاپۆرتۆرەکان کە مەئمووریيەتەکەی دوکتور ئەحمەد شەهید لێرەدا جێگیر دەبێ، بریتی‌یە لەو ڕاپۆرتۆرانەی لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتێکی دیاریکراودا دەکۆڵنەوە. دیاریکردنی ڕاپۆرتۆری تایبەتی بۆ وڵاتێک هەر لە خۆی‌دا بە مانای شپرزە بوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەدایە، هەربۆیە بڕیارێکی قورس و ئیستسنایی‌یە کە تا ئێستا تەنیا لەسەر ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان جێبەجێ کراوە (میانمار، کامبۆج، سەرزەمینە داگیرکراوەکانی فەلەستین، بروروندی، سۆماڵی، هایتی، لیبێریا، کۆرەی باکوور، سوودان، و ئێران).

### ئەرکی ڕاپۆرتۆرەکان

لە دۆکومێنتێکی (دستورالعمل)دا کە کۆمیسیاریای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئووتی ٢٠٠٨دا لەپێوەندی لەگەڵ «ڕێوشوێنە تایبەتی‌یەکان»دا بڵاوی کردۆتەوە، ئەرکی ڕاپۆرتۆرەکان لەم چەند بوارەدا چڕ کراوەتەوە: ١. لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا بەبێ سەرنجدان بەوە کە ئەو وڵاتانەی لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێ، لە پەیمانەکانی مافی مرۆڤدا ئەندامن یا نا، ٢. هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەوەخت لەپێوەندی لەگەڵ ئەو ئیدیعایانەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ کە پێیان دەگا، لەڕێگای ساغکردنەوەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە بوارێکی دیاریکراودا یان لە وڵاتێکی دیاریکراودا بە پێوەندی گرتن و ناردنی تیمی لێکۆڵینەوە بۆ وڵات یان وڵاتەکان، ٣. هاوکاری کردنی دەوڵەتان و دانی خزمەتی ڕاوێژکاری و پسپۆڕیی تەکنیکی بەوان بۆ باشکردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ، ٤. هۆشیارکردنەوەی ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاندانیان بۆ هەڵوێست وەرگرتن و هەنگاو هەڵێنانەوە لە بەرامبەر حاڵەتە مەترسیدارەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ٥. بە هاناوە هاتنی قوربانییەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕێگای هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەپەلە و بانگهێشتنی دەوڵەتی پێوەندیدار بۆ ڕوونکردنەوەی ئیدیعای پێشێلکاری، ٦. ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سەر وەزعییەتە دڵتەزێنەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هاندانی بۆ وەخۆکەوتن لەو حاڵەتانە، ٧. پەرەپێدانی هاریکاری و هەماهەنگیی نێونەتەوەیی لەبواری دیفاع لە مافی مرۆڤدا، ٨. بەدواداچوون و چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی شووڕای مافی مرۆڤ و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی دیکە لەلایەن دەوڵەتانەوە.

### شێوەی دیاریکردنی ڕاپۆرتۆرەکان

ڕاپۆرتۆرەکان پێشتر لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤەوە دیاری دەکران و لە ساڵی ٢٠٠٦ بەو لاوە لەلایەن شووڕای مافی مرۆڤەوە (کە جێگەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی گرتۆتەوە) هەڵدەبژێردرێن. ڕاپۆرتۆرەکان بەپێی مەئمووریيەتەکەیان بۆ دەورەی یەک تا سێ ساڵە دیاری دەکرێن و دەکرێ نوێ بکرێنەوە. حکوومەتەکان، گرووپە ناوچەیی‌یەکانی دەوڵەتان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان، کۆمیسیاریای بەرزی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان، ئۆرگانەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، هەر کامە بە نۆرەی خۆیان بۆیان هەیە کاندیداتۆری پێشکەش بکەن و پسپۆڕ و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ بۆخۆشیان دەتوانن خۆیان کاندیدا بکەن. گرووپی ڕاوێژکاریی شووڕای مافی مرۆڤ لیستەی کاندیداتۆرییەکان لەسەر بنەمای پسپۆڕی، سەربەخۆیی، بێلایەنی، بەستراوە نەبوون بە هیچ دەوڵەتێک و پیشەگەرییانەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ڕەنگاوڕەنگی‌یە سیاسی و فەرهەنگی و جینسییەکان ئامادە دەکا. ڕاپۆرتۆرەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە پێئەسپێردراوەکانیان ماف و ئیمتیازی هاوشێوەی پارێزراوی (مەسوونییەت) ی دیپلۆماتیکیان هەیە.

### ڕێکخستنی کاروباری ڕاپۆرتۆرەکان

کۆمیسیاریای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ یەکەیەکی هەیە بەناوی «یەکەی ڕێوشوێنە تایبەتییەکان» بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤ. ئەو یەکەیە ستراتژیی گشتیی کاری ڕاپۆرتۆرەکان دادەڕێژێ و کاروباری سکرتاریەتی «کۆمیتەی هەماهەنگی ڕێوشوێنە تایبەتییەکان»یش بەڕێوە دەبا. هەر لەو یەکەیەدا بوورۆیەک هەیە بە ناوی «بوورۆی دژکردەوەی خێرا» کە ئەرکی پێوەند دانەوە و هەماهەنگ کردن و گەیاندنی موکاتباتی ڕاپۆرتۆرەکانی لەسەر شانە.

### شێوەی دەستڕاگەیشتنی قوربانییانی پێشێلکاری یان چالاکانی مافی مرۆڤ بە ڕاپۆرتۆرەکان

ڕاپۆرتۆرەکان نابێ تەنیا ئەو هەواڵ و زانیاری‌یانە کە لە مێدیاکاندا بڵاو دەبنەوە بکەنە بنەما. بەڵکوو دەبێ لە سەرچاوەی ڕاستەوخۆوە زانیاریی بۆخۆیان کۆ بکەنەوە. ئەوان بۆ ئاگادار بوون و ساغکردنەوەی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەتوانن هەرجۆرە سەرچاوەیەکی جیددی و باوەڕپێکراوی زانیاری (لەلای حکوومەتەکان خۆیان، ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان، ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان، نیهادە کیشوەرییەکانی مافی مرۆڤ، کەس و کاری قوربانییەکان، ڕووناکبیران و چالاکان، هتد) بەکار ببەن. ئەوان چەندی بۆیان بکرێ دەبێ تێ بکۆشن لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی زانیارییان لێ وەردەگرن دیدار و گفتگۆ بکەن و هەموو هەوڵێکیش دەبێ بدەن بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی زانیاری لەلایەن حکوومەتی وڵاتەکەوە نەخرێنە بەر ئەزیەت و ئازاردان و دەرەتانی ئەوەشیان بۆ پێک بێنن کە ئەگەر لە ئەنجامی دانی زانیاری‌دا کەوتنە بەر هەڕەشە بتوانن ڕاپۆرتۆرەکان ئاگادار بکەنەوە. ڕاپۆرتۆرەکان ناو و هۆییەتی سەرچاوەی زانیارییەکانیان لەلای حکوومەتی وڵاتەکە ئاشکرا ناکەن مەگەر ئەوە کە سەرچاوەی زانیارییەکە بۆخۆی داوا بکا کە ئاماژە بە ناوی خۆی یا ڕێکخراوەکەی بکرێ. ڕاپۆرتۆرەکان هەروەها بۆیان هەیە کە تەنیا ئەو برە زانیارییە سەبارەت بە هەوڵ و هەنگاوەکانیان لەلای ئەو کەسانەی پێوەندییان پێوە کردوون ئاشکرا بکەن کە بۆ سەرکەوتنی کارەکەیان بە سەڵاحی دەزانن.



**حکوومەتی وڵاتەکە دەروەستە بەوە کە بەربەست لەسەر سەردان و دیدارەکانی ڕاپۆرتۆر لەگەڵ خەڵکی وڵات و شوێنی مانەوەی خەڵکی قوربانی و زەرەرمەندی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ پێک نەیەنێ. لە کاتی دیدار لەگەڵ زیندانییان، شکەنجە کراوان یان بەگشتی قوربانییانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەئموورینی دەوڵەتی نابێ حزووریان هەبێ**

قوربانییان یان چالاکانی بواری مافی مرۆڤ دەبێ لە ڕێگای نووسراوی تایپکراو یان ئەلکترۆنییەوە پێوەندی بە ڕاپۆرتۆرەکانەوە بکەن. ڕاپۆرتۆرەکان نامە و پێوەندی گرتنی بێ ناونیشان کە کەسایەتی و ناسنامەی سەرچاوەی زانیاری دیار نەبێ یان بە ناوی خوازراوەوە نامەیان بۆ نووسیبن، قبووڵ ناکەن و پێویستە خاوەنی نامەکان هۆوییەت و ناونیشانی خۆیان یان ئەو ڕێکخراوەی کاری تێدا دەکەن بە ڕوونی بۆ ڕاپۆرتۆرەکە بنووسن. ئەوان لە نامەکانیاندا دەبێ بە وردی ئاماژە بە هەموو زانیارییەکانی پێوەندیدار بە ناو و ناسنامەی قوربانییان و کات و شوێن و کۆنتێکستی پێشێلکارییەکە بکەن. (ئیمەیلی پێوەندی بە ڕاپۆرتۆرەکان : urgent-action@ohchr.org).

### ڕێکارەکانی بەردەستی ڕاپۆرتۆرەکان

ڕاپۆرتۆرەکان بە هەردوو ڕێگای نامەناردن و سەردانی وڵاتەکەدا دەتوانن تەدەخول لە کەیسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەکەوە بکەن. موکاتبەکان دوو جۆریان هەیە : جۆری یەکەم و هەرە باو ئەو حاڵەتانەن کە پێیان دەگوترێ بانگەوازی بەپەلە کە پێوەندییان بەو حاڵەتانەوە هەیە کە ئەگەری ڕوودانی پێشێلکارییەکی مەترسیدار و قەرەبوونەکراوی مافی مرۆڤ (بۆ نموونە ئێعدام) لە ئارادایە و ڕاپۆرتۆرەکان داوا لە دەوڵەتەکە دەکەن دەست لە ئەنجامدانی پێشێلکارییەکە ڕابگرێ. جۆری دووهەمیش ئەو نامانەن کە باسی ئەو پێشێلکارییانە دەکەن کە ئیدی ڕوویان داوە و لێرەدا ڕاپۆرتۆر داوای زانیاری و ڕوونکردنەوە لە دەوڵەتەکە دەکا. لەو حاڵەتەدا دوو مانگ مۆڵەت بە دەوڵەتەکە دەدرێ هەتا ڕوونکردنەوەکانی خۆی بخاتە ڕوو. بەپێی پێویست ڕاپۆرتۆر دەتوانێ لەڕووی ئەو زانیارییانەوە کە لە دەوڵەتەکەوە بەدەستی گەیشتووە، پێوەندی بە سەرچاوەی زانیارییەکانییەوە بکا هەتا تێبینییەکانیان لەسەر ڕوونکردنەوەکەی دەوڵەت وەربگرێ.

ڕاپۆرتۆرەکان بە کەناڵی دیپلۆماتیکدا و لە ڕێگەی کۆمیساریای بەرزی مافی مرۆڤەوە پێوەندی گرتن و نامەکانیان ئاراستەی نوێنەرایەتیی دائیمیی وڵاتەکە لە ژنێڤ یا لە نیویۆرک دەکەن، یان ڕاستەوخۆ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەی دەنێرن. مەبەستی موکاتبەکان داوای زانیاری و ڕوونکردنەوە چ لەپێوەندی لەگەڵ ئیدیعاکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و چ سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکومەت بۆ کۆتایی هێنان بە پێشێلکارییەکانە.

کاریگەرترین و بەسوودترین فۆرمی تەدەخولی ڕاپۆرتۆرەکان سەردانی وڵاتەکەیە. بەڵام ڕاپۆرتۆرەکان تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانن سەردانی وڵاتێک بکەن کە دەوڵەتی وڵاتەکە ڕازی بێ. شووڕای مافی مرۆڤ لە چەند ساڵی ڕابردوودا مێکانیزمێکی داناوە بەناوی دەعوەتی دائیمی کە بریتی‌یە لەوەی دەوڵەتان پێشوەخت ڕادەگەیەنن کە هەر کاتێک ڕاپۆرتۆرەکان بیانەوێ سەردانی وڵاتەکەیان بکەن، بەشێوەی ئۆتۆماتیک داواکەیان قبووڵ دەکەن. زۆربەی کات ڕاپۆرتۆرەکان ناچارن بۆخۆیان بە گوێی دەوڵەتان هەڵبێنن هەتا دەعوەتیان بکەن. لەحاڵەتێکدا کە دەوڵەتەکە موافقەتی لەگەڵ سەردانی ڕاپۆرتۆرەکە کرد، وردەکاریی سەفەرەکە بە هاوفکری لەگەڵ «یەکەی مەئمووریيەتە مەیدانییەکان و هاریکاریی تەکنیکی»ی کۆمیسیاریای بەرزی مافی مرۆڤ و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی وڵاتەکە (لە ڕێگای پێوەندییەک لە وەزارەتی دەرەوە یان لە کابینەی حکوومەت) ڕێک دەخرێ. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر دیدار لەگەڵ قوربانییان و زەرەرمەندانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ یان چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕاپۆرتۆر ئەمە بە هاوفکری لەگەڵ نوێنەرایەتیی یووئێن لە وڵاتەکە و ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان و بەبێ ئاشکرا کردنی هەموو وردەکارییەکان بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتەکە تەنزیم دەکا. حکوومەتی وڵاتەکە دەروەستە بەوە کە بەربەست لەسەر سەردان و دیدارەکانی ڕاپۆرتۆر لەگەڵ خەڵکی وڵات و شوێنی مانەوەی خەڵکی قوربانی و زەرەرمەندی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ پێک نەیەنێ. لە کاتی دیدار لەگەڵ زیندانییان، شکەنجە کراوان یان بەگشتی قوربانییانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەئموورینی دەوڵەتی نابێ حزووریان هەبێ.

بێگومان لەو حاڵەتانەدا کە دەوڵەتێک هاوکاریی پێویست لەگەڵ ڕاپۆرتۆرەکە ناکا (بۆ نموونە ڕێگەی سەردانی وڵاتەکەی پێ نادا یان خۆ لە جێبەجێ کردنی داواکاری و ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتۆر دەدزێتەوە)، ڕاپۆرتۆرەکان دەتوانن بەشێوەی ڕەسمی لێدوان بۆ مێدیاکان بدەن.

### ئاکامی کاری ڕاپۆرتۆرەکان

پاش هەر سەردانێکی مەیدانی ڕاپۆرتۆر ڕاپۆرتی سەفەرەکەی خۆی بە ئاشکرا دەخاتە ڕوو و مانگێک تا مانگ و نیوێک مۆڵەت بە حکوومەتی وڵاتەکە دەدا هەتا تێبینییەکانی خۆی لەو پێوەندییەدا بخاتە ڕوو. بەشێوەی گشتی، بەپێی ئەوە کە مەئمووریيەتی ڕاپۆرتۆرەکان چۆن پێناسە کراوە، ئەوان ڕاپۆرت دەدەنەوە بە شووڕای مافی مرۆڤ و هێندێک جاریش بەشێوەی ڕاستەوخۆ بە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەو ڕاپۆرتانەدا ڕاپۆرتۆرەکان هەروەها پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆیان لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بڕیارانەی پێویستە لەلایەن شووڕا و کۆڕی گشتی و نیهادە پێوەندیدارەکانی ترەوە بدرێن فۆرموولە دەکەن.

لەو حاڵەتانەدا کە شووڕای ئەمنییەت قەیرانی وڵاتێکی دیاریکراو لەسەر مێزی باسی و خواسەکانی خۆی تاوتوێ دەکا، ئەو ئۆرگانە دەتوانێ ڕاپۆرتۆری بابەتێک یان ڕاپۆرتۆری تایبەت بە وڵاتێک دەعوەت بکا هەتا ئاکامی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی خۆی لە کۆبوونەوەیەکی شووڕای ئەمنییەتدا بخاتە ڕوو. بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ ئەوەدا کە کاری ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤ زۆرتر دەچێتە خانەی ئەوە کە پێی دەڵێن دیپلۆماسیی نەرم، بەڵام زۆر جاریش هەڵکەوتووە کە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان وەک یەکێک لە بنەماکانی هەڵوێست و کردەوەی قورس و قایمی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە بڕیاردەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کەڵکی لێ وەرگیراوە.

# خۆسەری دیموکراتیک ( ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیک)

ڕێبوار مەعرووف زادە

خۆسەری دیموکراتیک بیرۆکە و پلانێکە کە ئیرادەی نەتەوەیی بە بنەما دەگرێ تا لە پێناو خۆ بەڕێوەبردن، هەوڵی دروستکردنی تورکیەیەکی دیموکرات تر بدات چونکە سیستمی دیموکرات چارەسەر دەخولقێنێت.

کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان، بە شێوەی یەکلایەنە «خۆسەری دیموکراتیکی»ی لە دیاربەکر ڕاگەیاند. ئەم بابەتە هەڵگری کۆمەڵێک خاڵی بەهێز و لاوازە، هەروەها لە هەڵکەوتن لە هەلومەرجێکی تایبەت سەرچاوە دەگرێ کە لە خوارەوەدا ئاماژەی پێدەکەین:

١- خۆسەری دیموکراتیک دەستپێشخەری و داهێنانی بۆ کورد گەڕاندوتەوە، بە جۆرێک کە کوردەکان هەم دەتوانن لە نێو پارلمانی تورکیە و هەم لە دەرەوەی ئەم پارلمانە ئیرادەی خۆیان بنوێنن. کەوایە مادام دەوڵەتی تورکیە پلانی بۆ چارەسەری پرسی کورد نییە، پێویستە کورد خاوەنی ڕێگەچارەی خۆی بێ.

٢- تورکیە لە پێناوی وەپشت گوێخستنی نەتەوەی کورد پرسی خزمەتگوزاریی بەرەو پێش بردوە، هەڵدەگرێ کە کوردیش لە پێوەندی لەگەڵ جوغرافیای تورکیە و نەتەوەی تورک خاوەنی بەرنامە بێ. بابەتی خۆسەری دیموکراتیک دەرفەتێک دەرەخسێنێ تا دادپەروەی لە تورکیە گەشە بکا، قبووڵی فرەچەشنی و فرەنەتەوەیی تورکیە بکرێت. بە واتایەکی دیکە خۆسەری دیموکراتیک یارمەتی بە تورکیە دەدا تا بە دوورکەوتنەوە لە بیرۆکەی یەک نەتەوە، یەک زمان و ئاڵا، خاوەنی تولێرانس و سەقامگیرییەکی زیاتر بێ.

٣- لە ئاستی نێونەتەوەیی دا، بابەتی ئۆتۆنومیی دیموکراتیک بۆ ڕەوایی دان بە خۆی «مافی دیاری کردنی چارەنووس» بە بنەما دەگرێ. دیارە لە پراکتیکدا بابەتی خۆسەری دیموکراتیک ناتوانێ پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد رابکێشێ چونکە حکوومەتی تورکیە وەک حکوومەتێکی دیموکراتیک و بەهێز دێتە ئەژمار. بەم حاڵەش بزووتنەوەی باکووری کوردستان بە هۆی بە جەماوەری بوونی، توانایی هێنانی خەڵک بۆ سەر شەقام، دەوڵەتی تورکیەی تووشی سەرلێشێواوی کردوە چونکە ئەو دەوڵەتە ناتوانێ هاوکات دەوڵەتێکی دیموکراتیک بێ بەڵام داواکاری خەڵکێکی زۆر لەبەر چاو نەگرێ یان بەرەو ڕووی داواکاری جەماوەر ببێتەوە.

٤- خۆسەری دیموکراتیک لە قورسایی و بەهای دام و دەزگای حکوومەتی تورکیە لە ناوچە کوردنشینەکان کەم دەکاتەوە. هەروەها یەکگرتوویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کوردەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر (فورمۆلیزەتر) دێنێتە مەیدان دیارە گشت خەڵکی باکووری کوردستان لەگەڵ BDP دا و لە بەرامبەر AKPدا نییە، بەڵام موبیلیزە کردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەو جەماوەرەی کە لەگەڵ BDP دایە دەتوانێ لە زۆر بواردا ڕەنگی حکوومەتی تورکی کاڵ بکاتەوە. لە راستیدا ڕاگەیاندنی ئۆتۆنومی دیموکراتیک ڕاگەیاندنی سومبۆلیک و یەکلایەنەی نەتەوەیەکی دیکە بە زمان و کولتوورێکی جیاواز لە تورکیەیە. بۆ نموونە لە ڕێگاچارەی ئۆتۆنومیی دیموکراتیک دا هەوڵ دەدرێ گرفتەکانی خەڵک لە نێو شوورای هەڵبژێردراوی کوردی چارەسەر بکرێ نەک دادگاکانی تورکیەدا.

٥- بزووتنەوەی باکووری کوردستان توانیویەتی خەڵک بە وریا بوونی سیاسیی بەردەوام ڕابێنێ



**لە داهاتوودا گونجانێک لە نێوان کورد بوونی زیاتر و پێوەندی زیاتر لەگەڵ تورک چاوەڕوان دەکرێ**

بەو واتایە کە خەڵک بێ پسانەوەو رۆژانە لە ڕێفراندۆمی کورد بووندا بەشداری دەکەن. دیارە ئەم بزووتنەوەیە لە ئاستی فورمۆلیزە کردنی داواکارییەکانی خەڵک و پێشکەشکردنی نەخشە ڕێگە لاوازە کە ڕەنگە بەشێکی ئەم لاوازییە بۆ نەبوونی ئەزموونی حکوومەتداری و کەمبوونی تەمەنی خەباتی نێوشار بگەڕێتەوەو بەشێکی دیکەی بە هۆی یاخیبوونێکی درێژماوەی بزووتنەوەکە بێت.

دیارە بە پێی ئاکامی هەڵبژاردنی پارلمانی ٢٠١١ی تورکیە، بە لەبەر چاوگرتنی زۆر بوونی کورسییەکانی کورد، دەکرێ بڵێین لە تورکیە پرسی ناسنامە بەسەر پرسی خزمەتگوزاریدا سەرکەوتوە. هەروەها لە جیهانی ئەمڕۆدا شەرعیەتی بەکارهێنانی هێزی نیزامی و بە گشتی هێزی سفت و سۆڵ (hard power) لە دابەزینێکی بەردەوام دایە کەوایە رۆژ لەگەڵ رۆژ کەڵک وەرگرتن لە ئەرتەش دژوارتر و ڕێگەچارەی نیزامی تەریکتر دەکەوێتەوە. بەم شێوەیە ئەوەی کە لە داهاتوودا رۆڵی میت ( هێزی ئەمنی تورکیە) لە دانیشتنەکانی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ نوێنەرانی کوردو بە گشتی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد کەم بێتەوە شتێکی بێ ئەم لاو ئەو لایە.

هەروەها لە نێو گوتاری بزووتنەوەی باکوور بەهادان بە تاک، تێپەڕین لە گوتاری رزگاریدەر بەرەو گوتاری ئازادی بەخش بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە. ئەو پێویستییە ئەوەیە کە لە نێو بزووتنەوەیەکدا گرینگ مرۆڤەکەیە نەک ئیدئۆلۆژییەکە، ئەوەی کە ئیدئۆلۆژی لە خزمەت مرۆڤدا بێ نەک مرۆڤ لە خزمەت ئیدئۆلۆژی دا.. بەم پێیە پێدەچێ لە داهاتوودا کورد هاوکات لە نێو پارلمانی تورک و لە دەرەوەی ئەم پارلمانە زیاتر دەربکەوێت. بە واتایەکی دیکە لە داهاتوودا گونجانێک لە نێوان کورد بوونی زیاتر و پێوەندی زیاتر لەگەڵ تورک چاوەڕوان دەکرێ.

# ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەزاندنی سنوورەکانی باشووری کوردستان

مەسعوود فەتحی

ڕۆژی ١٦ی مانگی جولای هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران سنوورەکانی باشووری کوردستانیان بەزاند و بە بیانووی تێک شکاندنی بنکەو بارەگاکانی پژاک لە ناوچەکانی قەندیل هێرشیان کردە سەر ئەو هەرێمە. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە بە گوتەی مراد قەرەیلان بۆ ماوەی یەکساڵ دەبوو کە پژاک بە شێوازی یەکلایەنە ئاگربەسی ڕاگەیاندبوو.

دیارە کۆماری ئیسلامی بە دروست کردنی قەیرانێکی لەم چەشنە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی چەندین ئامانجی سیاسیی هەیە کە دەکرێ لە دوو بەشدا ڕەچاو بکرێن واتە بەشی نێوخۆیی و بەشی دەرەکی. کە مەسرەفی نێوخۆیی ئەو قەیرانە بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

١- دوو ساڵ لە ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریی ئێران تێپەڕیوە و هێشتاش دەسەڵات نەیتوانیوە بە تەواوی ئەو ناڕەزایەتییانە سەرکوت بکا هاوکات باڵی ئوسولگەراکان، لە نێوخۆشیاندا تووشی دووبەرەکی بوون و زەق بوونەوەی ئەو دووبەرەکییانە لە ئاستی خامنەیی وەک ڕێبەری ئایینیی وڵات و ئەحمەدی نژادی سەرۆک کۆماردا دەنگدانەوەی بەرچاویان لە میدیا گشتییەکانی نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا هەبوو، هەر بۆیە ئێستا کە هەڵبژاردنەکانی خولی ٩ی مەجلیسی شوورای ئیسلامی نیزیک دەبنەوە، جارێکی دیکە سوپای پاسدران دەیهەوێ خۆی لە هاوکێشەکانی نێوخۆی ئێراندا وەک هێزێکی گەورەی نیزامی، سیاسی کە بەشی هەرە زۆری داهاتی ئابووریی ئێرانیشی لە ژێر دەست دایە، زەق بکاتەوە.

ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە هەر وڵاتێکدا شەڕ هەبێ نیزامییەکان قسەی سەرەکی دەکەن.

٢- بزواندنی هەستی ئێرانییەتیی هاووڵاتیان لە ڕێگای زەقکردنەوەی پرسی شەڕ لە دەرەوەی سنوور لەگەڵ هێزێکدا کە هەڕەشە لە تەواویەتی خاکی وڵات دەکا، بە نیازی هاوهەڵوێست کردنی چین و توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگەی ئێران، لە دژی پرسی کورد و بەکار هێنانی ئەو هاوهەڵوێستییە لە ئاست نێوخۆی ئێران دا بە گشتی.

٣- لە ئاستی نێوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بە بیانووی شەڕ، ڕێژیم دەیهەوێ ناوچە کوردنشینەکان بە تەواوی میلیتاریزە بکا و هاوکاتیش دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ سەرکوتی زیاتری چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەتایبەت ئێستا کە کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان لە حاڵی گەشە کردنی بەردەوامدایە.

ڕەوشی هەنووکەیی باکووری ئەفریقا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە کە لە چەندین وڵاتی عەرەبیدا پێک هاتوون و لە زۆرینەی وڵاتانی عەرەبیدا لە حاڵی پەرەسەندن دایە کە بۆ چەند مانگی بەردەوامە سوریەی هاوپەیمانی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامییشی گرتووەتەوە و ڕەوشی هەستیاری باشووری کوردستان، وەک گەورەترین دەسکەوتی کوردەکان و هاوکاتیش بارودۆخی کوردەکان لە باکووری کوردستان، هۆکاری دەرەکیی ئەو شەڕە بۆ ئێران، بە تایبەت لە ئاستی پرسی کورد دا ئەمانەن:



١- باشووری کوردستان، لە بواری سەقامگیریی ڕەوشی ئەمنییەوە گرینگترین بەشی عێراقی فیدراڵە، لە بواری ئابوورییشەوە گەشەی بەرچاوی کردوە. هەر بۆیەش بەردەوام وڵاتانی جیهان، لە هەولێری پێتەختی ئەو هەرێمەدا، بە کردنەوەی کۆنسولگەری و ناردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ کوردستان، لە هەوڵی دروست کردنی پێوەندیی بەربڵاوی خۆیان لەگەڵ ئەو هەرێمەدان، بەردەوام نفوزی سیاسیی دەسەڵاتی باشووری کوردستان لە ئاستی ناوچەکە و جیهانی دا لە زیادبووندایە کە هەر دواییش واتە چەند ڕۆژ پێش ئەو شەڕە کۆنسوولی ئامریکا لە هەولێر کرایەوە.

بەم پێیە گرینگترین ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕە تێکدانی بارودۆخی ئەمنیی باشووری کوردستانە.

٢- لە باکووری کوردستان، سەرکەوتنی سەرنجڕاکێشی کوردەکان لە دوایین هەڵبژاردنی پارلەمانی تورکیادا و لە ڕاگەیاندنی خۆسەری دیموکراتیک و بە گشتی سەرکەوتنەکانی کوردان لەو وڵاتەدا کۆماری ئیسلامیی هان داوە کە بەو هێرشە تورکیاش پەلکێشی ئەو شەڕانە بکا و بەم جۆرە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لەو وڵاتە، تووشی گرفت بکا.

٣- زیاتر لە ٥ مانگ لە قەیرانەکانی وڵاتی سوریەی سەرەکیترین هاوپەیمانی ئێران لە ناوچەکەدا، تێدەپەڕێ و ئێران هەتا ئێستا ئەوەی لە دەستی هاتبێ بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی نێوخۆیی ئەو وڵاتە کردویەتی، بەڵام دەسەڵاتی دیکتاتۆری بنەماڵەی ئەسەد، هەتا دێ لاوازتر دەبێ و ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی نێوان ١١ حیزبی کوردی سەر بە باشووری ڕۆژئاوای کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە ڕەت کردنەوەی پێشنیاری دەسەڵات لە مەڕ دانوستان لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە و دامەزراندنی ئەرتەشی ئازادی بەخش، بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی نیزامیش لەگەڵ دەوڵەت و... بەڵگەی ئەو مودەعایەن. هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە قەیراناوی کردنی ناوچەکە، لە ئەگەری پەرەسەندنی ئەو قەیرانەدا و بە دەنگدانەوەی میدیایی ئەو شەڕانە لە ئاستی جیهانیدا، ڕەوشی ئاڵۆزییەکانی سووریە بکەونە پەراوێزەوە و بەم چەشنە دەسەڵاتی بەعسی ئەو وڵاتە دەرفەتی لە باری بۆ سەرلەنوێ ژیانەوە و سەقامگیر کردنەوەی خۆی دەست کەوتێ، هاوکاتیش لایەنی کوردی وەک دووهەمین هێزی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن لە گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانیان دوور بخاتەوە.

بە پێی ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا و هەروەها مانەوەی هێزەکانی سوپای پاسداران لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و پێداگری لە سەر بەردەوام کردنی شەڕ لە لایەن ئێرانەوە و بەشداریی پرش و بڵاوی تورکیە لەو شەڕەدا و بێدەنگی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق، پێدەچێ داگیرکەرانی کوردستان بیانهەوێ بە بەردەوام کردنی شەڕێکی فەرسایشی ڕێگری لە گەیشتنی کورد بە مافە ڕەواکانی خۆی بکەن.

# وڵامێک بۆ بەیاننامەی ژمارە ١ی جەماعەتی تەوحیدو جیهاد

سمایل سۆهرابی



**بەرایی:**

ماوەیەک لەوە پێش جەماعەتی تەوحیدوجیهاد بەیاننامەیەکیان بڵاو کردۆتەوەو تێیدا بەگوتەی خۆیان پێناسەی بنچینەیی باوەڕیان کردوەو جیهاد بۆ هەرتاکێکی باوەڕدار دەکەنە ئەرکێکی ئایینی و تاکەکەسی. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جۆرە پێناسەیە فڕی بەسەر ئایینی ڕاستەقینەی ئیسلامەوە نییەو بێجگە لەپێکهێنانی بەستێنێکی نەخوازراو لەکوردستان و قازانجی دووژمنانی نیشتیمان و خۆشخزمەتی بە بەرژەوەندیەکانی ڕژیمی ئاخوندی و پەرەپێدانی باوەڕی توندووتیژی ئەڵقاعیدە و بە هێزکردنی بیری تیرۆریستی شتێکی تری لێ شین نابێتەوە. هەر چەند بەداخەوە هێندێک جار حیزب و لایەنە نەتەوەیەکانیش دژایەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە گەڵ ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و سیاسەتی ئینکار کردن دەگرنە بەر، یان بە عاملی کۆماری ئیسلامیان ناودەبەن، بۆ وێنە زۆر بەڕوونی تەوحیدوجهاد ،ڕەد دەکرێتەوەو پێیان وایە کە ئەوان بوونیان نییە. ئەم چەشنە هەڵوێست گرتنە نەک ڕێگا چارە نییە بەڵکو هۆکاری سەرەکییە بۆ کاردانەوەی توند لەلایەن ئەم ڕێکخراوە ئیسلامییانەوە. کەوابوو شاراوە نیە کە چەند حیزب و ڕێکخراوەییەکی ئیسلامی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندابوونیان هەیە ، بەڵام هەرکامیان میکانیزمێک بەکار دێنن و چەشنی کارو چالاکییان جیاوازە،کە لە بەشێکییان دا ئیسلامی مام ناوەندی و پلۆڕالیسمی ئایینی چاوەڕوان دەکرێت .بەڵام ئەوەی جێی ئاماژەی ڕاستەوخۆی ئێمەیە چالاکییەکانی جەماعەتی تەوحید و جیهادە، کەدەکرێت وەک بەشێک لە ئەڵقاعیدە چاویان لێ بکرێت.

بە هەڵوێستەیەک لە سەر بەیاننامەی ژمارە١ ی ئەو گرووپە، دەردەکەوێت کە ئەو بەیاننامەیە بە پێچەوانەی ئیسلامی ڕاستەقینەیە و دژایەتی دەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئایینی گەلی کورددا هەیە،بۆیە بە پێویستم زانی ئاماژە بە چەند خاڵێکی زیانباری ئەو بەیاننامەیە بکەم و لە ڕووی ئایینیەوە وەڵامێکی گونجاوی ئەو بەیاننامەیە لە چەند خاڵ و تێبینی دا بدەمەوە:

١- بەیاننامەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە لەبەرامبەر شیعەی ڕافیزەدا، تەریقەتی قادرییەو نەقشبەندیی، کارمەندانی حکومەت، کارگەرانی حکومەتی ڕافیزە، گشت چەکدارانی دەوڵەتی، خزمەت کارانی خانەقا، تەکیە، حوسینییە، ئەم کافرانەی کە قورئان لەسەر مردوو دەخوێنن و پارە وەک بەرامبەر وەردەگرن، ئەم موشریکانەی بە جلکی مەلایەتی، هاوکاریی ڕژیمی ڕافیزە دەکەن و ئەم حیزب و ڕێکخراوانەی کە بە نێوی کورد بە جێی خزمەت بە ئایینی ئیسلام بۆ بە هێز کردنی بیری نەتەوەیی تێدە کۆشن، جیهاد بە واجبی هەرتاکێکی موسلمان دەزانن و بانگەشەی خەڵکی موسلمان دەکەن بۆ ئەم مەبەستە ئەرکی شەرعیی خۆیان بەجێی بگەیەنن .

زۆر بە ڕوونی لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەپێکراوان بە کافر پێناسە کراون و جیهاد دەرحە قیان بە ئەرکی ئایینی هەر تاکێک زانراوە، هەرو ەها ئەحزابی کوردی بەگشتی بە دژە ئایین ناو دەبەن و پێیان وایە هەوڵ و تێکۆشان لە ڕاستای پارێزگاریی نەتەوەیی دا کارێکی ناشەرعییە و پێویستە لە بەرابەریاندا شەڕی ئایینی ڕابگەیەندرێ . لەسەرەتادا پێمان وایە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی دادپەروەری و پێکەوە ژیانە، هەر وەک قورئان دەفەرموێ (لاينهاكم الله عن اللذين لم يقاتلوكم فى الدين ولم يخرجوكم من دياركم ان تبروهم و تقسطوا اليهم، ان الله يحب المقسطين) واتە پەروەردگار بەرگری لە ئێوە ناکات کە چاکە کارو دادپەروەر بن دەگەڵ کەسانی غەیرە موسوڵمان، کە سەبارەت بە ئایین دەگەڵتان شەر ناکەن ، هەروەها لە زێدو نێشتمانی خۆتان دەرتان ناکەن، چونکە پەروەردەگار کەسانی دادپەروەری خۆش دەوێ. کەوابوو ئیسلام لە پێناو وەدەست هێنانی دادپەروەری و، سوڵح و ئاشتی دا ئامادەیە چاوپۆشی لە گشت خراپییەکانی خەراپ کاران بکات، بێجگە لە ستەمکارانی دەست درێژکەر بۆ سەر ئایین و زێدو نیشتمان. ئایینی ئیسلام هەڵگری پەیامی ڕەحمەت و بەزەییە، نەک کوشتن و تیرۆرو تۆقاندن ، بە پێچەوانەی بۆچوونی نادروستی تەوحیدو جیهادی سەر بە القاعیدە ، وەک قورئان دەفەرموێت : (وما ارسلناك الا رحمة للعالمين) واتە ئەی موحەمەد {د خ}،ئێمە تۆمان ڕەوانە نە کردووە مەگەر بۆ ئەوەی ببیت بە یەک پارچە سۆزو بەزەیی بۆ گشت بوونەوەران، واتە دونیا بە گشتی.

پێویستە بگوترێ هەر لایەنێکی ئیسلامی کە پێی وابێ حیزبە نەتەوەییەکان، بیری ناسیۆنالیستی و پارێزگاری لە نەتەوە بە پاوانی خۆیان دەزانن و لە ئایین جیای دەکەنەوە بە هەڵە چوونە، چونکە ئەوان کەسانێک کە بە باوەڕی ئایینی خزمەت بە نەتەوەو نیشتیمانەکەیان دەکەن، بە غەیرە کوردو دوژمنی نەتەوەی کورد نازانن و ڕێزی تایبەتییان لێ دەگرن، بە لاّم لە باوەڕی تەوحید و جیهاددا، کەسانێک یان ئەو حیزبە سیاسییانەی کە نەتەوەیی بیر دەکەنەوە بە کافر و دوژمنی موسلمانانی کورد دێنە ئەژمار. ڕوون و ئاشکرایە کە هەر لایەنێک وابیر بکاتەوە، ئەگەر کەس یا ڕێکخراوێک، بیری ناسیۆنالیزمی هە بێت ناکرێت ئایینی بێ ،یان ئەگەر باوەڕی ئایینی هەبێت ناکرێت ناسیۆنالیست بێت بە هەڵە چووەو پێویستە بە بۆچوونی ئایینی و نەتەوەیی خۆیدا بچێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

**ئەم لایەن و گرووپە توندڕەوانەی کە پێیان وایە ناکرێ کوردێکی موسوڵمان بیری ناسیۆنالیزمی هەبێ، ڕێک وەک ئەو حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییانە وان کە پێیان وایە، ناکرێ کوردێکی ناسیۆنالیست، خاوەن بیری ئایینی بێ**

**لە پێشدا پێناسەی ئایین و نەتەوە:**

پێناسەی ئایین: ئایین دیاردەیەکی مێژوویی و فەرهەنگی _ کۆمەڵایەتییە،ئایین پەیوەندیی مرۆڤ و خوا، گەردوون و بوونەوەر بەگشتی دابین دەکات و شێوازی هەڵسوکەوتی شایان لە نێو کۆمەڵگادابە مرۆڤ دەناسێنێ.

**پێناسەی نەتەوە:** لە بەرچاوترین و سادەترین پێناسەی سۆسیۆ لۆژیدا،نەتەوە کۆمەڵێک مرۆڤی هاوزمان، هاونیشتمان و هاوڕەچەڵەک و هاوئامانجن، لە چوارچێوەیەکی دیاری کراوداو کە وشیاریەکی کۆیی لە سەر ماف و داخوازیەکانیان ،ئەوانی لەدەوری یەک و لە پەنایەکدا، کۆکردۆتەوە.

**سۆزی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی ئایینەوە:**

سۆزی نەتەوایەتی دەگەڵ ئەرکەکانی ئایین، دووپرسی لێک لکێندراون و ناکرێ لێک جیا بکرێنەوە، بە واتایەکی تر بۆ موسڵمانان ڕەوا نیە لە بارەی پرسی نەتەوەکەیان بێ تەفاوەت بن ، بەڵام دەکرێ کەسێکی نەتەوەیی موسڵمان نەبێ ، بە لاّم ناکرێ موسلمان بێ و بۆ پارێزگاری لە نەتەوەکەی هەوڵ نەدا ، (عموم و خصوصی من وجه) . ئێستا بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری باسەکە، لە دووتەوەرەدا پرسەکە دەورووژێنین .

**١- گرینگیی گەل و نیشتمان لەدەلاقەی ئایینەوە:**

پێشەکی هەر کاتێک ناوی ئایین دێت مەبەستمان ئایینی ئیسلامە ، بە دوو هۆ .

الف _ زیاتر لە ٨٠٪ باوەڕی گەلەکەمان ئیسلامە .

ب_ هەڵوێستە نادروستەکان بە گشتی لە لایەن گرووپە توندڕەوەکان ،بە زمانی ئیسلامەوە ئاڕاستەی مێشکی کوردی لەکۆنەوە موسڵمان دەکرێ».

قورئانی پیرۆز سەبارەت بە هەر گەل و کولتوورێک دە فەرموێ : (انا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان أكرمكم عند الله أتقاكم)( ئایەتی ١٣ الحجرات ) واتە ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەک ( ئادەم و حەوا) خۆلقاندوە ،کردوومانن بە چەند نەتەوەو گەل و تیرە، بۆ ئەوەی یەکتر بناسنەوە ، بەرێزترین‌تان لای خوا پارێزگارترین‌تانە ، بێ گومان خوا زاناو شارەزایە.

لە بڕگەیەکی ئەم ئایەتە دا بەڕوونی ئاماژە بەوەکراوە: ئەوەی مرۆڤەکانی دابەش کردوون بەسەر چەند گەل و تیرەیەکی وێک نەچوو، پەروەردەگاری بێ وێنەیە، کەواتە پشت‌ئەستوور بەم ئایەت و حەدیسەو چەند ئایەتێکی تر بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین، پەروەردگارهەر لە کاتی دابەش کردنی مرۆڤە کان بە سەر چەند نەتەوەدا، ئەوەشی بەڕەوا زانیوە کە هەر کام لەو نەتەوانە ببنە خاوەنی زێدو نیشتمان و زمان و، ئەدەب و کەلەپووری خۆیان و پارێزگاری لە هێڵە گشتی و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن و بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەکی سەر بە خۆ تێبکۆشن، بۆیە لێرەدا پرسیارێک ئاڕاستەی ئەم گرووپە توندرەوانە ئەکەین : ئایا چالاکانی ئیسلام ئەگەر ویستیان نەتەوەکەیان شارەزا کەن لە ئایینی ئیسلام ، خۆشیان شارەزا نەبن بە زمان و کەلتوورو ئەدەبی ئەم نەتەوەیە چۆن دەتوانن پەیامی دینینان پێ ڕابگەیەنن و ئەوانیش لێیان تێبگەن؟ کەواتە خزمەت کردن بەشوناسە نەتەوەییەکان بەجێهێنانی یاسایەکی ئایینییە و ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگایە.

لەئایەتێکی تردا پەروەردگار جیاوازیی ڕەنگ و زمانی مرۆڤەکان دەکاتە بەڵگە لە سەر هەبوون و کارلێزانی خۆی. (ومن آياته خلق و السموات والا رض واختلاف ألسنتكم وألوانكم.......) ( لە بەڵگە حاشا هەڵنەگرەکانی خودا بەدیهێنانی ئاسمانەکان ، زەوییەکان، جیاوازیی زمان و ڕەنگەکانە ......) . ئە م ئایەتە جیاوازیی زمان و ڕەنگەکان نەک هەر بە باش دەزانێ بەڵکوو پارێزگاری لێیان، دەکاتە ئەرکێکی ئایینی و پارێزگاری‌کردن لە نیشانەکانی خوای گەورە.

**٢- سۆزی نەتەوایەتی پێغەمبەرو یارەکانی (د خ ) :**

پێغەمبەری ئیسلام ئەو کاتەی بە زۆر لەمەککە دەرکرا،» واتە شوێنی لە دایک بوونی خۆی» هێشتا شاری مەککەی لەبەر چاوان ون نەببوو کە بەدڵی پر لەسۆزو بەچاوی فرمێسکاوییەوە ڕووی کردەوە مەککەو فەر مووی : ( ماطيبك من بلد واحبك الي، ولولا أن قومي أخرجوني منك ما سكنت غيرك ) واتە خۆشترین وخۆشەویستترین جێگای،بە لای منەوە ئەی نیشتمان ، ئەگەر گەلەکەم بە زۆر وەدەریان نەنابام بێجگە لە تۆ لە هیچ جێیەکی تر نیشتەجێ نەدەبووم.

هەروەها کاتێکیش وەک کۆچ پێکراو دەگاتە مەدینە دەفرموێت : (الل هم حبب الينا المدينة كحبنا مكة او أشد.........) واتە ئەی خوایە شاری مەدینەمان لەلا خۆشەویست بکە هەر وەک خۆشەویستیمان بۆ شاری مەککە، یان زیاتریش . کەوابوو سۆزی نەتەوایەتی لە سوننەتەکانی پێغەمبەری ئیسلامەو پەیڕەوی لەم خۆشەویستەش ئەرکی هەر موسوڵمانێکە ، وەک خوای مەزن دەفەرموێ: يا ايها اللذين آمنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول..... ) واتە ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر بن ....... ) هەر وەها هەواڵانی پێغەمبەریش بەردەوام لە بیری گەڕانەوە بۆ زێدو نیشتمانەکەیان‌دا بوون ، زۆرکاتیش هەستی هەستیاریان بە شیعرو پەخشان دادەمرکاند.

**٣. دژ کردەوەو کاردانەوەی توند لە بەرابەر ستەمی زۆرداران لە ڕوانگەی ئیسلامەوە**

ئایینی ئیسلام شوێنکەوتووەکانی هان دەدات لە پێناو پارێزگاری لە نەتەوەکەیاندا ئەو پەڕی فیداکاری بنوێنن . ڕەسوولی خوا دەفەرموێ:

(من قتل دون عرضه و ماله فهو شهيد ومن قتل دون اهله او دون دمه او دون دينه فهو شهيد ) واتە : هەموو ئەو کەسانەی کە لە پێناو پارێزگاری کردن لە ماڵ و گیان و نیشتیمان و ئایین دا گیانیان لە دەست دەدەن بە شەهید دێنە ئەژمار. هەر وەها لە حەدیسێکی تردا دەفەرموێ : ( خيركم المدافع عن عشيرته مالم يأثم ) واتە: چاکترینتان ئەو کەسەیە کە بەرگری لە نەوتەوەکەی خۆی دەکات ، بە لاّم بەمەرجێک لەم ڕێگایەدا تووشی سەرپێچی نەبن و «نەبنە هۆی ستەم کردن لە نەتەوەیەکی تر» .

دڵسۆزانی نیشتیمان! ئایینی ئیسلام بەم شێوەیە سۆزی نەتەوایەتی و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی لای شوێنکەوتووەکانی بە پیرۆز دەزانێت، بۆیە لەنێو نەتەوەی کوردی موسولماندا، زۆر بوون و زۆرن ئەو کەسانەی کە هەم وەک پێشەوای ئایینی و هەم وەک سەرکردەی ژیری سیاسی و نەتەوەیی دێنە ئەژمار. کەس نەیتوانیوەو ناشتوانی نکوولی لەبیری ئایینی و نەتەوەیی ئەو سەرکردە کوردانە بکات، کە بە حەق لە سەردەمی شێخ عوبیدوڵڵای نەهرییەوە تا دەگاتە پێشەوا قازی و ئێستاش ئەرکی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان بە پێی توواناو لێهاتوویی بەجێ گەیاندوە. ئەم پرسیارەش کە ناکرێ کەسێک هەم ئایینی و هەم نەتەوەیی بێ ،بێجگە لە دوژمنانی گەلی کوردو دۆستانی نەزان کەسێکی تر پێی ڕەوا نیە ، ئێمە ئەو پرسیارە دەکەین ، باشە ئەم پرسیارە بۆچی بۆ مەسیحییەک یان یە هودییەک لەگۆڕێدا نییە ،کە کاکی برا تۆ لە پێشدا مەسیحیی یان ژرمەن ، یەهوودیی یان بەنی ئیسرائیلی ؟

لە ئاکامدا پێویستە بگوترێ ئەم لایەن و گرووپە توندڕەوانەی کە پێیان وایە ناکرێ کوردێکی موسوڵمان بیری ناسیۆنالیزمی هەبێ، ڕێک وەک ئەو حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەیی¬یانە وان کە پێیان وایە، ناکرێ کوردێکی ناسیۆنالیست، خاوەن بیری ئایینی بێ . کەوابوو ئەم بۆچونە هەڵەیە و تەواو لە پێچەوانەی ڕاستای بەرژەوەندیی کورد دایەو جێگای خۆیەتی بە توندی مەحکووم بکرێ .

لە بڕگەیەکی تردا بەیاننامەکە ئاماژە بەوە دەکات، کەسانێک کە تەوەسول بە پێغەمبەرو دۆستانی خوا بکەن کافر دەبن و لە بازنەی ئیسلامییەتی دەردەچن .

**وەڵام :** لەڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دا تەوەسول نەک نابێتە درچوونی موسوڵمانان لە بازنەی ئیسلام ،بەڵکوو وەک ڕەویشی ئایینی پێغەمبەری ئیسلام دێتە ئەژمار . کە خۆی تەوەسول دابەش کراوە بە سەر چەند بەشدا ،کە تەوەسول کردنی یارانی ڕەسووڵی خودا بە خودی پێغەمبەر یەک لەم بەشانەیە ، تەنانەت حەزرەتی عومەر دوای فەوتی پێغەمبەر (د خ ) تەوەسولی کردووە بە حەزرەتی عەباسی مامی پێغەمبەر . ( اللهم انا كنا نتوسل اليك بنبينا فاستقينا، وان نتوسل اليك بعم نبينا فاسقنا ..... فيسقون ) فقه السنه. کەوابوو تێنەگەیشتنێکی ڕاست و دروست نابێ لەئیسلام ،کە بڵێین توەسول دروست نیە ، لەلایەکی تر سووکایەتی و بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلامیشە، کە گەلی کوردی موسوڵمان بەبیانووی تەوەسول بە کافرو بێ بڕوا بێنە ئەژمار . پێویستە بگوترێ ئەم خەڵکەی کە تەوەسول بە پێغەمبەرو ئەولییای خودا دەکەن بە مانای ئەوە نییە کە تەوەسوول پێکراوان وەک خودا بێنە ئەژمێر و بپەرەسترێن، بەڵکو وەک خۆشەویست و دۆستانی ڕاستەقینەی خوا سەیردەکرێن.

**درێژەی ئەم وڵامە لەگەڵ دەقی بەیاننامەکەی جەماعەتی تەوحید و جیهاد لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەکرێتەوە.**

# پەیام بۆ کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## له لۆرد ئێڤیبێرییەوە

سەبارەت بە بانگهێشتی من بۆ بەشداری لە کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەهاری ئەمساڵدا، زۆرتان سوپاس دەکەم. بەڵام، زۆر بەداخم کە بە هۆی ئەرک و کارێکی زۆر کە لەپارلماندا هەمەو هەروەها بە هۆی تێکۆشان و زەحمەتێکی لە رادەبەدەر کە لە ئەستۆمە بۆ باشترکردنی شێوەی هەڵبژاردن و ریفڕاندوم لە رۆژی ٥ی مانگی مای ناتوانم داخوازەکەی ئێوە بەجێ بگەیەم.

بەهەر حاڵ، لە ناخی دەروونەوە ئاواتەخوازم لەو کۆبوونەوەی کەپێشتر باسم کرد و بۆ ئەو بەرنامەی کە ئێوە ـ بێ هیچ شک و گومانێک ـ بۆ دابینکردنی مافی کوردەکان لە ئێرانێکی دامەزراو لە سەر بناخەی مافی مرۆڤ، دێمۆکراسی بەڕێوەی دەبەن. بە تەواوی سەرکەوتوو بن و ئاواتی بێخەوشی خۆم پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەم. لە بزووتنەوەی تەواو بەرچاوو گرنگی کۆمەلانی خەڵک لە دژی دیکتاتۆرەکان لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا، کاتی ئەوە هاتوە کە دەسەڵات لە دەستی دیکتاتۆرەکانی ئێرانیش دەربێنن و کوردەکانیش لە سەر بناخەی مافی دیاری کردنی چارەنووس بە ماف و داخوازەکانی خۆیان بگەن

**لەگەڵ رێزم دا**
**ئێری ئێڤیبێرێ**
**ای ئاوریلی ٢٠١١**

## پەیامی دوکتور عەلیرەزا نووری زادە

# بۆ کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**وێڕای سڵاو لە خوشک و برایانی خەباتکارم لە حیزبی**



**دێموکراتی کوردستان،** حیزبی شەهیدانی هەڵکەوتووی مێژووی خەباتی خەڵکی ئێران، بە تایبەت هێمای خۆڕاگریی کوردستان، کاک دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، کاک دوکتور سادق شەرەفکەندی، کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و سەدان شەهیدی سەربەرزی حیزب، سڵاوێک لە ناخی دڵمەوە لە هاوڕێیانی بەشدار لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزب. پڕ بە دڵ خۆشحاڵم لەوەی لەم ساتە مێژووییەدا شانسی قسەکردن لەگەڵ ئێوەم هەیە.

حیزبەگەورەکەتان لە ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ خەبات و خۆڕاگریدا، سەلماندوویەتی کە لە رێگەی وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی گەورەپیاوانی وەک دوکتور قاسملوودا پابەندی بنەماکانی خەباتە و لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی، دادپەروەرەیی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی رەگەزی و ئایینی دا، لە هیچ فیداکارییەک درێغی ناکا.

**خوشکان و برایانی بەڕێزم!**

لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستێکدا کە لەمێژساڵە رێژیمە سەرکوتکەرەکان، بە کوشتن و بڕین و تاڵانی سەروەت و سامانی نەتەوەیی خەڵکەکەیان، پاوان و پەرژینێکی ئەمنییەتییان هەبووە، هێندێکیان سەر بە رۆژهەڵات و بەشێکیان سەر بە رۆژئاوابوون، ئێستا ئاگرێک هەڵیکردوە کە زوو یان درەنگ تیشکی رووناکاییەکەی رۆژهەڵاتی نێوەراستی دیکتاتۆرلێدراو دەگەیەنێتە بەرەبەیانیی ئازادی و دێموکراسی.

ئێمەی ئێرانی کە زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر ئالاهەڵگری شۆڕشی مەشرووتە لە ناوچەدا بووین، لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکدا هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازانەکان لە وڵاتی ئێمە ئیلهامیان وەرگرتوە. دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر، بەر لەوەی شەپۆلی ئازادیخوازی لە ناوچەدا وەڕێ کەوێ، لەسەر باڵەکانی بزووتنەوەی سەوز، بووینەپێش قەتاری بزووتنەوەیەک کە ئێستا دوای تێپەڕین لە تونێس و میسر و یەمەن گەیشتوەتە سووریە.

بە دڵنیاییەوە بە ئێوەی ئازیز دەڵێم کە هاوێنێکی گەرممان لەپێشە. لە راستیدا بزووتنەوەی گەورەی خەڵکی سووریە خاڵێکی وەرچەرخانە لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا کە بە زوویی رەنگدانەوەکەی لە نیشتمانەکەماندا دەبینین.

ئەو رۆژە حیزبە گەورەکەی ئێوە دەورێکی مێژوویی لە ئەستۆ دەبێ. رێگە بدەن باس لە ئاوات و ئارەزووەکانم بکەم، لەو رۆژەی کە مامۆستای ئێمە لە تەنیشت رۆڵەکانی: کاک مستەفا، کاک خالید، کاک عەبدوڵڵا و خوشک و برایان و رۆڵەکانی، بەرەو ماڵی باوک دەچنەوە. ئەم رۆژە دوور نییە.

**عەلیرەزا نووری زادە**

## پەیامی پیرۆزبایی بەرەی دیموکراتیکی خەڵکی ئەحواز

# بۆ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**دۆستان و رۆڵەکانی نەتەوەی کورد!**

**هاوڕێیانی رێبەری و کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

پێشەکی پیرۆزبایی بەرێوەچوونی کۆنگرەکەتان لە نەتەوەی کورد و یەکەیەکەی ئەندامان و کادرەکانی حیزب دەکەین.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

شۆڤێنیزمی داگیرکەری فارس لە ماوەی زیاتر لە ٨ دەیەی رابردوودا لە رێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی،داگیرکردنی وڵاتی نەتەوە بندەستەکان، وەرێخستنی سێڵاوی ئێعدامەکان، ئەشکەنجە و دەستبەسەر کردنی رۆڵەکانی بە ئەمەگی ئەم نەتەوانە، درێژەی بە دەسەڵاتی سەدە نێوەڕاستەکانی خۆی داوە و پەرەپێدانی هەژاری و بەشمەینەتی و یەخسیرکردنی هەرچی زیاتری نەتەوەکانی کردۆتە ئامانجی خۆی و بۆ تەواوکردنی پرۆژەی ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە هیچ جینایەتێک ناپرینگێتەوە.

لە قاودانی سیاسەتە رەگەزپەرستانە و دژە مرۆییەکانی ئەم رێژیمە کۆنەپەرست و داگیرکەرە لە ئاستی جیهانی دا لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی رێکخراوەکانی نەتەوە بندەستەکانە، کە بێگومان ئەمەش لە رێگەی دروست کردنی پێوەندیی چالاکانی ئەم نەتەوانە لەگەڵ بنیاتە رەسمییەکانی وەکوو: پارلمانی ئوروپا و وڵاتانی گرینگی دیکەی دنیا و ئۆرگانە مەدەنی و داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ و دادخوازیی ویژدانی جیهانی ئەنجام دەدرێ.

هاورێیان!

ئەمرۆکە رێژیمی داگیرکەر و دژەمرۆیی دەسەڵاتدار لە جوغرافیایەک بە ناوی ئێراندا لە کێشە نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی خۆیدا نقوم بووە، کە بێگومان ئەمە نیشانەی زەقی شکستی سیاسەتە نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانیەتی. لە بەر ئەوە ئێمە دەبێ لە دنیای ئازاد بخوازین مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی غەیرەفارسی ئێران بە پشت بەستن بە رێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان و جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، بە فەرمی بناسن و بەم پێیە هەنگاوێکی گەورە لە رێگەی ئازادیی خۆماندا هەڵگرین و رەوایی رێژیم لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان دا لە نێو بەرین.

**هاورێیانی خەباتگێڕ!**

کۆنگرەی ئێوە لە هەلومەرجێک دا بەڕێوە دەچێ کە نەتەوەی عەرەبی ئەحواز بە بۆنەی هەشتاو شەشەمین ساڵوەگەڕی داگیرکردنی ئەحواز و شەشەمین ساڵی یادەوەری راپەرینی ٢٠٠٥، بە دروشمی نەمان بۆ داگیرکەر و داگیرکەر دەبێ بچێتە دەرەوە و بە فیداکاریی لاوەکانی خۆی، دەنگی زولم لێکراویی خۆی و نەتەوەکانی دیکەی بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵەکانی مرۆڤدۆست گەیاندوە و رۆژ لە دوای رۆژ لە ئاستی نێونەتەوەیی دا سەرکەوتنی نوێ تۆمار دەکا. هیواداریـن بە هەماهەنگیی زیاتری رێکخراوەکانی نەتەوە بندەستەکان بتوانین رووخانی ئەم رێژیمە خێراتر بکەین و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان بەدەست بێنین.

**هاوڕێیانی خەباتگێر!**

بەرەی دیموکراتیکی ئەحواز وێڕای پیرۆزبایی دووبارە لە تەواوی بەشداربوانی کۆنگرەی ١٥، بۆ هەموو ئێوە دۆستان و هاوڕێیانی خۆشەویست هیوای سەرکەوتنی هەیە.

سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوە ستەم لێکراو و داگیرکراوەکان لە جوغرافیاییەکی بە نێوی ئێراندا

**بەرەی دیموکراتیکی خەڵکی ئەحواز**
**بۆ پێشەوە بەرەو گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس**
**٢٠١١/٤/١٨**

## پەیامی هەیئەتی سیاسی بەڕێوەبەریی رێکخراوی فیداییانی خەڵکی ئێران (زۆرینە)

# بۆ کۆنگرەی ١٥ حیزبی دیموکراتی کوردستان

**بۆ: کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

دۆستانی بەڕێز! پیرۆزبایی بەرێوەچوونی کۆنگرەی ١٥ لە ئێوە نوێنەرانی کۆنگرە و لە رێگەی ئێوەشەوە لە یەکەیەکەی ئەندامانی حیزبەکەتان دەکەین و کۆنگرەیەکی پڕدەسکەرتتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**هاورێیان!**

ئێمە لەسەر بنەمای هەڵوێستە جوان و هەلسەنگێنراوەکانی حیزبەکەتان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، لە سەر ئەو باوەڕەین کە ئەم کۆنگرە کۆمەڵێک بڕیاری نوێتر و بەسوودتر دەدا.

هەست بە بەرپرسایەتی کردنتان سەبارەت بە چارەنووسی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران و هەڵوێستی هاندەرانەتان لە هەمبەر هەر هەوڵێکی ئازادیخوازانە و دیموکراتیکی خەڵکی ئێران لە هەر ئاستێکیدا، نیشانەی وەفاداریی ئێوەیە بە نەریتی لەمێژینەی حیزبێک کە هەمیشە دڵسۆزی هەر حەرەکەتێکی ئازادیخواز و دژە ئیستبدادی لە ئێراندا بووە. حیزبێک کە مافی رەوای خەڵکی کوردستان بۆ نەمانی ستەمی نەتەوەیی لە بەستێنی خەبات بۆ دیموکراسی لە ئێراندا دەبینێتەوە.

**هاورێیان!**

رووداوەکانی ساڵی رابردوو نیشانیان دا کە حکوومەتی سەرکوتکەر سەرەرای هەموو توندوتیژییەک نەیتوانیوە گرێ بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە دژی ئیستبدادی ویلایەتی فەقیه دامرکێنێ. ئەم بزووتنەوەیە ناکوژێتەوە، چونکە رەنگدانەوەی خواستە دیموکراتیکەکانی خەڵکی ئێرانە و خاوەنی قووڵاییەکی بەربەرینی کۆمەڵایەتییە. بەڵام ئەوەی کە ئاسۆی ئەم حەرەکەتە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەی خەڵکی ئێران رووناکتر دەکا راپەرینە مێژووییەکان لە ناوچەی دیکتاتۆر لێدراوی ئێمەیە. ئاڵای گۆڕان لە حاڵێکدا لە فەزای سیاسیی وڵاتی ئێمەدا دەشەکێتەوە کە دەنگی گۆڕان ئاسمانی هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراست و باکووری ئەفریقای داپۆشیوە. هەر پێشکەوتنێک لە رێگەی ئازادی و دیموکراسی لە هەر وڵاتێکی ناوچەکەدا، سەرچاوەیەکی پربایەخی ئومێدە بۆ ئێمە ئێرانییە ئازادیخواز و دیموکراتیکەکان.

**نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە!**

لەم رۆژانەی سەرەتای بەهاردا هیوای ئێمە بەرەوپێش چوونی هەرچی زیاتری کاری حیزبیتانە. لەم وەرزی نوێ بوونەوەیەدا، بەرنامەی نوێ و رێکاری نوێ و تەگبیری نوێتان بۆ بە ئاوات دەخوازین. هیوای ئێمە یەکگرتنەوەی دووبارەی درێژەپێدەرانی رێگای قازی محەمەدەکان، موعینییەکان، شەریفزادەکان و قاسملووەکان و شەرەفکەندییەکانە. ئێمە چاوەروانی یەکیەتیی نێوان هەموو خەباتکارانی ئازادیخوازی کوردستانی ئێرانین، لە چوارچێوەی یەکیەتییەکی بەهێز بۆ وەدیهاتنی کوردستانێکی بەهرەمەند لە مافە نەتەوەییەکان لە ئێرانێکی یەکگرتووی ئازاد و دێموکراتیک دا. هیوای ئێمە کرانەوەی زیاتر لە مەسەلەی یەکیەتیی هەموو ئازادیخوازو دیموکراتەکانی ئێران لە خەبات دژی ئیستبدادی دینیی دەسەڵاتدارە کە ئێوە و ئێمە لە پێناوی دا تیدەکۆشین.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

جارێکی دیکە وێرای هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان، ئەم پەیامە بە دەرفەتێک دەزانین تا لەو رێگەیەوە دەستی یەکەیەکەی ئێوە بەشدارانی کۆنگرە بە گەرمی بگوشین.

**لەگەڵ رێزماندا**
**هەیئەتی سیاسی ـ بەڕێوەبەری رێکخراوی فیدائیانی خەڵکی ئێران (زۆرینە)**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٠ هەتاوی**

# شاملوو، شاعیری هیچ کەس و هەموو کەس

وریا رەحمانی

رەنگە لە دوای حافیزەوە، مێژووی شێعر و ئەدەبیاتی ئێران، شاعیر و گەورە پیاوێکی وەکوو «شاملوو»ی بەخۆیەوە نەدیتبێ. لەراستیدا ئەگەر حافیز لە بەستێنی شێعری عەرووزیی فارسی دا خاوەنی پێگەیەکی نموونەیی و ئەزموونێکی هەرمانی یە، ئەوا شاملووش لە چوارچێوەی شێعری نوێ دا پرستیژێکی بێ وێنە و دەوری باڵادەستی هەیە. بۆ سبەینێی رۆژی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی کە شاملوو کۆچی دوایی کرد، یەکێک لە رۆژنامە گشتییە سەرتاسەرییەکانی ئەوکاتی ئێران لەم پێوەندییەدا نووسیبووی، ئەگەر شاعیرانی دیکە لە تەنیشت کۆمەڵێک گردی ئاسایی شێعرەوە، یەک یا چەند لووتکەی بەرزیان بەرهەم هێنابێ، شاملوو بە تەنیا زنجیرە چیایەکی بەرزی لە شێعر و جوانی وێنا کرد... شاملوو نە تەنیا هەر بۆخۆی، بەڵکوو بۆ شێعر و ئەدەبیاتیش نەمری و جاویدانەیی دەستەبەر کرد. دیارە باس کردن لە شێعر و هونەری شاملوو هەڵگری لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار ورد و ماندوو نەناسانەی زانستییە و لە چەندین رەهەندی جۆراوجۆرەوە دەکرێ لێک بدرێتەوە. شاملوو بەدیهێنەری شێوازی «سپی» لە رەوتی شێعری فارسی یە و




ئەوەش خودشوناسێکی تایبەتیی بە فەزا و مودێلی شێعری شاملوویی بەخشیوە. وەکی چۆن بۆخۆشی دەڵێ لەم شێوازە دا ئیتر کێشی عەرووزی نامێنێتەوە و تەنیا ریتم و ئاهەنگێکی دەروونی وەزنی شێعرەکە رادەگرێ، کەچی سەروا (قافیە) پێگەی خۆی هەر دەپارێزێ و لە رەوتی گشتیی شێعردا دەوری تایبەتیی خۆی هەیە.

لە شێعری شاملوودا، زمان تەنیا ئامرازی دەربڕینی شێعری نییە و لە پانتاییەکی بەرینتر لە مانادا واتایەکی فراوانتر لەخۆ دەگرێ و مەودای بەردەوامی راڤە (تەئویل) دەخولقێنێتەوە و وەک ئەرزشێک دەردەکەوێ. گرینگیی باسکردن لە شاملوو و شاعیرانی هاوشێوەی ئەو لە ئەدەبیاتی جیهانی دا لەوەدایە کە ئەگەرچی بە زمانێکی تایبەت و لە سەردەمێکی دیاریکراو دا دەنووسن یان نووسیویانە، کەچی هەرگیز لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی تایبەت دا نەماونەتەوە و سنوورەکانی زەمانی و مەکانی یەک لەدوای یەک دەبەزێنن. لە نموونەی شاعیرانێکی گەورەی وەک «نیرۆدا، لۆرکا، پۆل ئێلوار، مارگۆت بیکێل، ئۆکتاڤیۆپاز، مایاکۆفسکی، تاگۆر، مەحموود دەروێش، ئەدۆنیس، هیوز و...» شاملووش ئەگەرچی فارسی نووس بەڵام بە واتای تایبەتی وشە مرۆڤخواز و بۆ مرۆڤ بوو. رەنگە دوور لە راستی نەبێ ئەگەر بڵێین شاملوو بەر لە هەموو شتێک دیدێکی جوانی ناسانە و مرۆڤخوازانەی بۆ شێعر و بۆ ژیان هەبوو. قەت لە بیرمان ناچێتەوە ئەو شێعرەی بۆ پرسەی هەڵەبجەی نووسی؛

مەلێک لە باڵەکانی دا پشکووت
باخێک لە درەختەکانی دا و هەڵەبجەش
لە پەیکەرەی «عومەر خاوەر»دا.

یان شێعرە بەناوبانگەکەی بۆ «ماندێلا» ، شێعری بەهێزی «راسپاردە» بۆ شەهیدە



شۆڕشگێڕە قارەمانەکانی تورکمەن سەحرا، شێعری «وارتان»، باسی «شین چووی کۆریایی» و بە دەیان شەهید و رێبواری رێگای ئازادی. هێشتا زیاتر لە پێنج شەش مانگ بەسەر شۆڕشی ساڵی ٥٧ و هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا تێنەپەڕیبوو، و هێشتا زۆربەی خەڵک سەرودەستیان بۆ خومەینی و دارودەستەکەی دەشکاند، کە شاملوو لە شێعری «تەنگانە»دا باسی لە جەژنی ئەهریمەن لەسەر سفرەی ماتەمینیی خەڵک دا کرد. لە شێعر و ئەندێشەی شاملوو دا، ژیان بەردەوامیی بوونە و هیچ شتێک لە بۆشایی دا روو نادات.

وەک چۆن چەندین سەدە تێپەڕ بوو تا مێژووی شێعر و ئەدەبیاتی فارسی، حافزێکی دیکە بەخۆیەوە ببینێتەوە، رەنگە زۆر ئاسانیش نەبێ کە بەم زووانە چاوەڕوانیی شاملوویەکی ترمان هەبێ. کەچی دەکرێ بە دەرکێکی درووست و شایانی شێعر و رێباز و ئەندێشەی، یاد و بیرەوەریی شاملوو بۆ هەمیشە بە زیندوویی بێڵینەوە.

## غەزەلی نەتوانین

لە دەستە گەرمەکانی تۆ
کە منداڵی ئاوەڵدوانەی نێو باوەشمن
چیها قسەم پێیە بیکەم
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

لە میهرەبانیی بێدریغی گیانی تۆ
مەسیحی دایک، ئەی خۆرەتاو!
بەسازێکی بێکۆتایی کە هەر تۆ بی
ئەمن نەغمە لەسەر نەغمە سروود ئەڵێم
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

لە کۆلکەزێڕینەی مانگی گوڵانی تۆ
کە لەم باخی خەزانەدا سەراپەردەی خۆی هەڵداوە
چەندین و چەند نەقش ونیگار دەکێشمەوە
کەهەر ڕەنگەی لە ڕەنگێکی تر گەڕابێ
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

کانیاوێک لە نێو دڵدا و
ئاوهەڵدێرێک لە نێو دەستدا
خۆرەتاوێک لە نیگادا و
فریشتەیەک لە کراسدا
لە ئینسانێک کە هەر خۆتی
هەزار چیرۆک دەگێڕمەوە
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ.

## گۆرانیی گەورەترین ئارەزوو

ئاخ! ئەگەر ئازادی سروودێکی وتبا
بچووک
هێندەی گەرووی باڵندەیەک،
لە هیچ کوێ دیوارە ڕووخاوێک نەدەما.
ساڵیانی ساڵ پێنەدەچوو
پەی بەم حەقیقەتە بەری
کە هەر کاول و وێرانەیەک نیشانێکە لە
تەرەبوونی ئینسانێک
کە ئینسان خۆی
هەوێنی ئاوەدانییە.
وەک برینێک
بە درێژایی هەموو ژیان
خوێناوی لێ بتکێتەوە
وەک برینێک
بە درێژایی هەموو ژیان
بە وشکەژانێک چڵ بدا و
بە گەرمای خۆی بکولێتەوە،
بە هاوارێک چاوهەڵێنان
بە نەفرەتێک
لە قالبی خۆهەڵبڕان،_
ئاوا لە خۆمان تەرە بووین
بە سەرهاتی وێرانە ئاوا بوو.
ئاخ ئەگەر ئازادی سروودێکی وتبا
بچووک بچووک
چکۆلەتر تەنانەت لە
کونی گەرووی باڵندەیەک!

## چاوەکانم

(ئینقیلابی سپی)
سەرم سوڕما
لە حەیرەتی ئەم بەربەیانە ناوەختەو
چاوەکانم نەدەترووکان
لەبەر ڕووناکیی دەربیجەی خۆرەتاوی تیشکهاوێژ
بەنێوچاوانی کازیوەی ئەمڕۆژەوە
کە ژانی زانی گرتووە و،
ئەمن هەرتک دەستی خۆمم
لە زنجیری خەو
ڕزگارکرد.
هاوارم کرد
«ئەوەتانێ ئەوە چرای موعجیزەیە،
وەرن خەڵکە!
بە چاوانی کوێرەوەبووی دڵ و دەروون
ئەگەر هێشتا تین و سۆمای ئەوەی ماوە
کە نیوەشەو لە کازیوە جیا کاتەوە
هەتا لە کیستان نەچووە
وەرن تەماشای کەن تێرتێر
کە خۆرەتاو
بە ئاسمانی شەوەزەنگدا
باڵی گرتووە، هەڵفڕیوە!
بەهەرتک گوێی کپئاخنراو
گوێ بدەنە ئەم نەغمەیە
کە خۆرەتاو
لە نیو-پەردەی شەوەزەنگدا
دەنگی بەستەی هەڵبڕیوە»
«- دیمان!
(نیوەی خەڵک وتیان)
ئەرێ! دیمان کە خۆرەتاو باڵی گرتووە هەڵفڕیوە!»
نیوەی دیکەشیان بە شادی
لەدڵەوە هاواریان کرد:
«- بە گوێی گیانمان دەنگی بەستەی بلاوێنی خۆرەتاومان
هەڵمژتووە».
ئەمجار ئەمن
سەری کاسی سەرسوڕمانم بۆ لەقاندن:
«نارەوایە،
نەبیستراوە
قەت نەکراوە
هۆ خەڵکینە!
ئێوە مەست و وڕوکاسن
یان بە ئەنقەست
خۆتانی لێ نەبان دەکەن؟
شەو هێشتاکە دوو دانگیتر لە دوویەتی.
ئەگەر ئێوە موسوڵمانی تۆبەکار و نەزەرپاکن،
کەی دیوتانە
کە چاوەشان
بانگی نوێژی بەیان بدەن؟
گەندەزەلکەی قووڵکەی دەمی هەر مانگایەک
لە من دەبوو بە بورکانی تووڕەیی و ڕق:
«- وەرن لەو گەوجە بڕوانن، بۆ ڕووناکیی خۆرەتاویش
هاتووە ئێمە سوێندی بۆ بخۆین.»
تۆفانی پێکەنین هەستا ...
«- خۆرەتاوی گەش نابینێ
بەتەمایە
کوترەکوتر، بە دەستەکی سەعاتەکەی سەر دیواری،
بە کۆمەڵی خەڵکی هەژار بسەلمێنێ
کە شەو هێشتا
لە نیوەشی تێپەڕ نەبووە.»
تۆفانی پێکەنین هەستا...
من
برک و ژان لە دەمارم
حەسرەت لە مۆخی ئێسقانم
شتێکی چەشنی ئاگریش لە سەرتاپێی گیانم گەڕا.
شتێک دەتگوت سەرتاخواری ئازای لەشمی
لە نێو چنگی خۆیدا گوشی
تا دڵۆپێک وەک قرچەی خۆر
لە هەرتک چاوم هەڵقوڵێ
لە تاڵاوی گشت دەریاکان
پیاڵەیەکم هەڵچۆڕاندە نێو فرمێسکی داماویی خۆم.
ئەوان عەوداڵ و دڵبەستەی خۆرەتاو بوون
چون خۆرەتاو
تەنیاترین حەقیقەت بوو لەلایان و
چەژەی تامی واقعییەت
لە ژینیاندا.

بە ڕووناکی و بە گەرماکەی
مانای بێگەرد و بێڕیای دۆستایەتی و
بە پرشنگی گەشی خۆشی
مانای بێخەوش و ساکاری ڕاستگۆیی بوو.

(هەزار خۆزگە توانیبایان
لە خۆرەتاوەوە فێر بن
کە وەکوو ئەو بێدریغ بن
لە ژان و شادییەکانیاندا
تەنانەت
بە نانی وشکی سفرەی ماڵیان-
قەتیش چەقۆ لە کالانێ دەرنەهێنن
ڕۆژی دابەشکردن نەبێ.)
حەیف و جەخار
کە خۆرەتاو
هەر خۆی مانای دادگەری بوو،
ئەمانیش عەوداڵ و دڵبەستەی داد بوون و
ئێستاکە وا
بەم شێوەیە
بە دێوجامەی خۆرەتاوێک
دڵیان بردبوون.
ئەی خۆزگە من بمتوانیبا
خوێنی دەمارەکانی خۆم
دڵۆپ
دڵۆپ
دڵۆپ
بگریم
هەتا باوەڕم پێ بکەن.
ئەی خۆزگە من بمتوانیبا
-بۆ یەک لەحزە بمتوانیبایە ئەی خۆزگە-
ئاپوورەی ئەم جەماوەرە بێئەژمارە
بنێمە سەر هەرتک شانم
بە چوار دەوری گۆی زەویدا بیانگێڕم
تا بە هەرتک چاوی خۆیان ببینن کە
خۆرەتاویان لە کام لایە و
بڕوام پێ بکەن.

ئەی خۆزگە
بمتوانیبا!

**وەرگێڕان: ناسر حیسامی**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 564 6 aug 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# بەراوردێک لە ڕۆڵی ژنان لە دوو کۆنگرەی جیاواز دا

**کوێستان فتوحی**

لە ٢١ تا ٢٣ی مانگی جولای ئەمساڵ دا، سێهەمین کۆنگرەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو. ئەم کۆنگرەیە مانگ و نیوێک دوای کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێک هات کە لە ٢ تا ٩ی جۆزەردانی ئەمساڵ دا بەڕێوە چوو.

ئەگەرچی ئەم دوو کۆنگرەیە دوو کۆنگرەی جیاواز بوون و لە دوو هەلومەرجی جیاوازدا و بە دوو پێکهاتەی جیاوازەوە پێک هاتبوون، بەڵام من لە روانگەیەکەوە، بە پێویستم زانی بەراوردێک لە نێوانیاندا بکەم.

کۆنگرەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان وەک لە ناوەکەی ڕا دیارە، کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. ئەویش ڕۆژنامەنووسانی پارچەیەک لە کوردستان کە ئازادە و خاوەنی پارلمان و حکوومەتی خۆیەتی. ڕۆژنامەنووسان، بە هۆی سروشتی پیشەکەیان و پێویستیی ئەم پیشەیە، بە زۆری لەو کەسانە پێک دێن کە ڕۆشنبیرن و بڕوایان بە ماف و ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤ هەیە. بۆیە سروشتییە چاوەڕوان بین لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمێکی ئازاددا، زۆر پرسی گرنگی کۆمەڵ کە ناوەڕۆکێکی دێمۆکراتییانە و پێشکەوتنخوازانەیان هەیە و ئەم توێژە ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرەی کۆمەڵ، ڕۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر لە گەڵی بەرەوروون، ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. بایەخدان بە ژنان و مەیداندان بەوان لە بەڕێوەبەرێتیی کۆنگرە و کاروباری سەندیکادا، یەک لەو پرسانەیە.

کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە پێش لە کۆنگرەی سەندیکا پێک هات و من شانسی ئەندامەتی و بەشداری لە هەر دوویانم دا هەبوو، کۆنگرەی حیزبێکی سیاسیی دوورە وڵات بوو. حیزبێک کە لە هەلومەرجێکی نائاسایی، دوور لە خەڵکی وڵاتەکەی لە حاڵی خەبات دایە. بەشدارانی کۆنگرەکەشی نوێنەرانی ڕیزە جۆراوجۆرەکانی حیزب بوون کە ئەگەرچی هەموویان بە مرۆڤی خەباتکار و ئازادیخواز دێنە ئەژمار، بەڵام هەر هەموویان ڕۆشنبیر و ڕەخنەگر نەبوون. جگە لەمەش ئەم بەشەی کوردستان و ئەو خەڵکەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ دەکا، هەروا لە ژێردەستی دان. بەم پێ یە بە هەموو حیسێبێک، حەق وایە بایەخدان بە پرسی ژن و ڕۆڵی ژنان، لە کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا، لە کۆنگرەی حیزبێکی سیاسیی دوورەوڵاتی لە حاڵی خەباتدا، بەرچاوتر بێ.

من وا ڕاهاتووم لە پێشدا ڕەخنە لە کەموکوورییەکانی حیزبەکەی خۆم بگرم، بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی بەرانبەر بە ژنان و لە مێژە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان و جاری وابووە لە دەرەوەی حیزبیش، کەمتەرخەمی و کەم و کووڕییەکانی نێوخۆی حیزبەکەی خۆم بەرانبەر بە ژنانم داوەتەبەر ڕەخنە. بەڵام کە بەراودی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆنگرەی سێهەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە باری ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە کار و باری کۆنگرەدا دەکەم، دەبێ بڵێم ئەم دوو کۆنگرەیە جیاوازییەکی یەکجار زۆریان هەبوو. لە کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان جگە لەوەی لە ڕاپۆرتی سیاسی و بەرنامەو پێرەوی نێوخۆ و بڕیارەکانی کۆنگرەدا، پرسی ژن جێگای تایبەت بە خۆی هەبوو، لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەشدا، ژنان سەرەڕای ڕێژەی کەمیان (لەچاو سەرجەم بەشدارانی کۆنگرە) ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو. لە ماوەی ٨ ڕۆژ کاری کۆنگرە و چەندین دانیشتن دا، بەردەوام لە دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەدا، ژن وەک ئەندام هەبوو. لە نێو زۆربەی کۆمیسیۆنە کارییەکانی کۆنگرەشدا، ژنان وەک ئەندام بەشدار بوون. ئەمە لە کاتێک دا بوو کە ژنانی ئەندامی کۆنگرە لە زۆربەی باس و بابەتەکاندا، چالاکانە بەشدار بوون و بیروڕاو پێشنیار و بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی و هەوڵیان دەدا کاریگەرییان لە سەر بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆنگرە هەبێ. ڕێبەرایەتییەکیش کە ئەم کۆنگرەیە بۆ حیزبی دێمۆکراتی هەڵبژارد، ٥ کەسی لە ژنان پێک هاتوون. تەنانەت لە لە هەڵبژاردنی کۆمیسیۆنێک کە کۆنگرەی پازدە بۆ پارێزگاری لە پێرەوی نێوخۆی هەڵبژارد، ژنان لەبیر نەکران. بەڵام لە کۆنگرەی سێهەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا، ژنان کەمترین ڕۆڵ و دەوریان هەبوو. نەک هەر بۆ ئەندامەتیی ئەنجومەنی سەندیکا هیچ ژنێک هەڵ نەبژێردرا، تەنانەت هیچ ژنێک کاندیدا نەکرا. لە سەرۆکایەتی وبەڕێوەبردنی کۆنگرەشدا هەر وابزانە ژنان بۆیان نیە بەشداری بکەن. لەمەش سەرنجڕاکێشتر نە ژنانی ڕۆژنامەنووسی بەشداری کۆنگرە کە ١٠ لەسەدی کۆنگرەیان پێک دێنا، بەشدارییەکی چالاکانەیان لە باسەکاندا هەبوو ، نە باسێکی تایبەتی بۆ پرسی ژن، هەر نەبێ ژنانی ڕۆژنامەنووس تەرخان کرابوو.

من نامەوێ لەم کورتە وتارەدا هۆیەکانی ئەو وەزعە باس بکەم. هەروەک نەمدەویست بچمە نێو کەم و کووڕییەکانی دیکەی ئەم دوو کۆنگرەیە. بەڵام بە پێویستم زانی ئەم بەراوردە بخەمە ڕوو بۆ ئەوەی بڵێم بایەخدان بە ڕۆڵی ژن لە کاروباری ڕێکخراوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دا، پێویستی بە کولتوورسازی و دابینکردنی بەستێن و میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەمە لە لایەکەوە بە دەروەستی و ئەرکی ئەو دەسەڵات و دامەزراوە دابین دەبێ کە ژنان کاریان تێدا دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە بەستراوەتەوە بە لەمەیداندا بوون و مکوڕ بوونی خودی ژنان. ئەگەر ئێمەی ژن بۆخۆمان شەڕی مافەکانی خۆمان نەکەین و لە ڕێکخراو و کۆبوونەوەیەکدا بوونی خۆمان نەسەلمێنین، بەدڵنیاییەوە لەپەراوێز دەخرێین و بایەخی پێویستمان پێ نادرێ.



**دیمەنێک لە ئاوارەکانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە دوای تۆپبارانی کۆماری ئیسلامیدا**

## خەڵاتی تایبەتی دڵی زێڕینی سارایێڤۆ درا بە جەعفەر پەناهی

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی حەڤدەیەمین کارنەڤاڵی فیلم لە سارایێڤۆ، ڕۆژی یەکشەممە، ٣١ جولای (٩ گەلاوێژ) خەڵاتی تایبەتی «دڵی زێڕین»ی ئەو کارنەواڵە درایە دەرهێنەری ئێرانی، جەعفەر پەناهی و هەروەها ئانجلینا جوولی ئەکتەری ناوداری هالیوود.

شایانی باسە کە جەعفەر پەناهی بە هۆی چالاکیە بەرچاوەکانی لە سینەمای ئێراندا ئەو خەڵاتەی پێ درا، بەڵام بە هۆی زیندانی بوونی



لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتەکەی دا بەشدار بێ.

## بەردەوامیی ڕەوتی چوونەدەریی قوتابیانی بژاردە لە ئێران

سەرۆکی بنیادی نەتەوەیی بژاردەکان ئاشکرای کردوە کە سەتا ٤٠ ی ئەم قوتابیانەی کە میداڵیای زێڕی ئۆلەمپیادی قوتابیانیان بە دەست هێناوە، لە ئێران نامێنن.

ساڵی ڕابردوو جێگری زانستیی بەسیجی قوتابیان ڕایگەیاند کە لە هەر ٩٦ قوتابی نێردراو بۆ دەرەوە، تەنیا ٣٠ کەس بۆ ئێران گەڕاونەتەوەو لە ١٢٥ قوتابی ئولەمپیادی ئێران، ٩٠ کەس لە زانکۆکانی ئامریکا دەخوێنن، بەڵام بەرپرسانی وەزارەتەکانی زانست و فێرکردن هێشتا هەر حاشا لەو باسە دەکەن.



ڕاکردنی بژاردەکانی ئێران بۆ وڵاتانێک کە زانکۆگەلێکی بەناوبانگیان هەیە، بەتایبەت ئامریکا لە حاڵێک دایە کە بڵاڤۆکی «واشنگتۆن پریزم» بە بڵاوکردنەوەی ئامارێک دەڵێ کە ساڵانە زیاتر لە ١٠٠ هەزار ئێرانی بە بیانووی خوێندن لە ئێران دەچنە دەرێ.

## پشتیوانیی زانایانی براوەی خەڵاتی نۆبێل لە پزیشکی بەندکراوی کورد

«فرانسوا بێرە سینۆسی» و « سێر ریچارد جی ڕۆبێرتس» زانایانی براوەی خەڵاتی نۆبێل پەیوەستی کەمپەینی داوای ئازادی بۆ ئارەش عەلایی پزیشکی ئێرانیی بەندکراو بوون.

ئەو کەمپەینە لە لایەن داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ ڕێک خراوە و «فرانسوا بێرە سینۆسی» و « سێر ریچارد جی ڕۆبێرتس» دوو زانای براوەی خەڵاتی نۆبێل چوونە ریزی کەمپەینەکەوە.

برایانی عەلایی چەندین ساڵ لە بواری پێشگرتن لە پەرەسەندنی نەخۆشیی ئەیدز لە ئێران چالاکییان دەکرد و بناغەدانەری گەڵالەیەک بە ناوی کلینیکە سێگۆشەکان بۆ پێشگرتن لە تووشبوون بە نەخۆشی ئەیدز و ڤیروسی «ئێچ ئای ڤی» بوون.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە پەسەندکردنی ئەو کردەوەیەی ئەوان، ئەو شێوە کلینیکانەی وەک نموونەیەک کە دەکرێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکوری ئەفریقاش جێبەجێ بکرێ وەسف کردبوو.

ئەو دوو برا کوردە ئێرانیە سێ ساڵ لەوە پێش بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ «سەرنخوونیی نەرم» قۆڵبەست و زیندانی کرابوون. کامران عەلایی، تەمەن ٣٧ ساڵان، چەند مانگ لەمەوبەر لە زیندان ئازاد کرابوو، بەڵام ئارەش، تەمەن ٤٢ ساڵان تا ئێستاش لە زیندانی ئێوین دایە.



کامران عەلایی کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی جیهانی تەندروستی بە هۆی هەوڵەکانی لە مەڕ چارەسەری نەخۆشانی تووشبوو بە ئەیدز لە وڵاتی ئەمریکایە لە وتووێژێکی تەلەفونیدا لە گەڵ ڕۆژنامەی گاردیەن وتی کە ئێمە هەرگیز دەستێوەردانمان لە سیاسەتدا نەکردوە و پزیشکانێک بووین کە دەمانهەویست خزمەت بکەین.

ئەو دوو برا کوردە لە کاتی سەرکۆماریی خاتەمی، سەرکۆماری ڕیفۆرمخوازی ئێران و لە کاتێکدا کە باس لە ئەیدز و پێشگرتن لەو نەخۆشیە لە ئێران شتێکی بێگانە بوو کلینیکێکیان بۆ نەخۆشانی ئەیدز کردبۆوە.

شایانی باسە کە ئێران یەکێک لە گەورەترین وڵاتەکانی بە کارهێنەری مادە هۆشبەرەکانی وەک تریاک و هێرۆئین لە جیهان دایە و بە وتەی برایانی عەلایی سەتا٧٠ ی تووشبوان بە نەخۆشیی ئەیدز لە ئێران لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە مادە هۆشبەرەکان و تەزریق بە درزیی هەڵگری ئەو نەخۆشیە گیرۆدەی ئەیدز دەبن.

## سەرکەوتنی تازەلاوێکی سەردەشت بۆ قۆناغی کۆتایی ئۆلەمپیادی لایپزیکی ئاڵمان



تازەلاوێکی سەردەشت دوو قۆناغی پێشبڕکێ بۆ بەشداری لە ئۆلەمپیادی لایپزیکی ئاڵمانی بە سەرکەوتوویی بڕیوە.

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی شارۆنیوز شوان مەعروفی، تەمەن ١٨ ساڵان پلەی یەکەمی پێشبڕکێی ئۆلەمپیادی لایپزیکی ئاڵمانی لە پارێزگای ورمێدا بڕیوە و بۆ بەشداریی لە پێشبڕکێکانی سەراسەریی وڵاتدا بانگهێشت کراوە.

شوان مەعروفی لە بەشی کامپوتێر، تەڕراحی گرافیکی کامپیوتێریدا بەشداریی ئەو پێشبڕکییانەی کردوە و لە مانگی سەرماوەزدا و لە تاران بەشداری لە قۆناغی کۆتایی پێشبڕکیی ئۆلەمپیادی لایپزیکی ئاڵماندا دەکا.

## چاپکراوی نوێ

کتێبی «بنەماو لێکدانەوەی تاقیکارییە سێرۆلۆژییەکان» لە نووسینی دکتورپەرویزی پاکزاد، بە قەڵەمی سەید جەلال ساڵحی کادری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کراوەتە کوردی و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕانەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم کتێبە بەنرخە کە لە زانکۆکانی ئێران وەک سەرچاوەیەک دەخوێنرێ، لە توێی زیاتر لە ٦٠٠ لاپەڕەدا چەمک و دەستەواژەو ..... پزیشکییەکان شی دەکاتەوە. نووسەر لەم کتێبەدا بە شرۆڤەی



شێوازەکانی بەرگریزانییەوە دەست پێدەکاو بە قۆناخەکانی دیکەی تەندروستی و هۆکارەکانی نەخۆشی و بەرگری و تاقیکاری و ..... هتد دا دەچێتە خوار.